# عورف و ڕۆڵی لە لەقاڵبدانی دەقی ئیسلامیدا
# وێناو بەشداریو مافەكانی ئافرەت وەك نمونە

**ئەبوبەكر عەلی محمد أمین (ئەبوبەكر كاروانی)**
Karwani94@yahoo.com

**پێشەكی**

عورف هەر لە (دێرزەمانەوە) ڕۆڵێكی گەورەی لە ئاراستەكردنی ڕەفتارو ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵگەكاندا بینیوە. سەرەدەمانێ لە جیاتی یاسا بووەو دواتر بۆتە سەرچاوەی و تاكو ئێستاش مەسەلەكە لە سەراپای جیهان و بە ئاستی جیاواز، بەو شێوە ماوەتەوە.

ئیسلامیش هەر لە سەرەتاوە بەم ڕۆڵەی عورف هوشیار بووە، هەر بۆیە بە گیانی كودەتاكردن بەسەر كەلتورو عورف و داب و نەریتی ئەو ژینگەی تیایدا سەریهەڵداو ئەزموونە بەراییەكانی خۆی تیادا خەملاند، مامەڵەی نەكردووە. بەڵكو گیانێكی ڕیفۆرمخوازانەوە بەشێ لە عورفە باوەكانی ڕەتكردەوە، بەشێكیشیانی دوای دووبارە داڕشتنەوە لە خۆگرتوو، خستنیە چوارچێوە نوێیە دنیا بینی و ئەخلاقی و بەهابیەكەی خۆیەوە دوای فراوانبوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی موسڵمانان و هاتنە كایەی ئیمپراتۆیەتی ئیسلامیش، موسڵمانان ڕوبەڕووی كەلتورو عورف و داب و نەریتی جۆراوجۆری میللەتانی تازە موسڵمانی خاوەن رابردوو فەرهەنگ و ژیار بوونەوە.

زانایانی موسڵمان لە دووتوێی زانست (فقە)ی (ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی) دا، ئەم ڕاستەیان فەرامۆش نەكرد، مەسەلەی مامەڵەكردنیشیان لەگەڵ (عورف) بۆ سەلیقەی تاكەكەسی زانایان بەجێنەهێشت، بەڵكو هەوڵیاندا بەشێوەیەكی مەنهەجی (ضبط)ی چەمكەكە بكەن (عورف)ی دروست و نادروست بە گوێرەی گونجاوی و نەگونجانیان لەگەڵ دەق و بەهاو بنەما ئیسلامیەكان و سروشتی پەیوەندی نێوان (عورف) و دەقی ئیسلامی دیاری بكەن، بەڵام لەبەر زیاد لە هۆكارێك كە لە توێژینەوەكەماندا دێینەسەریان، مەسەلەكە لەم سنورەدا نەوەستا.

بەڵكو تەشەنەی كرد بۆ ئاستی لە قاڵبدانی دەقی ئیسلامی و زاڵبوونی (عورف) بەسەر ئاماژەو تیشكدانەوە ئەخلاقی و حقوقی و بەهاییەكانی و نموونە پێوانەییەكەی سەرەتای ئیسلام لە سایەی ئامادەبوونی خودی پێغەمبەردا (د.خ).

بەتایبەتیش لە پەیوەندی بە وێناو ڕۆڵ و بەشداری و مافەكانی ئافرەتەوە ئاسەواری نەخوازراوی جۆراوجۆری لێكەوتەوە. پرسیارو گریمانەی ئەم توێژینەوەش باس لە ئاڵ و گۆڕە ترسناكەی پێگەی (دەق) و (عورف) بەرامبەریەك و لە قاڵبدانی دەقی ئیسلامی لەم ڕووەوە لەلایەن عورفەوە دەكات، ئامانج لێی دیاریكردنی گشتی بەشێ لەو ئاكام و ئاسەوارانەیە، لە لەقاڵبدانی دەقی ئیسلامی لەلایەن عورفەوە، لە پەیوەندی بە ئافرەت و پێگەو مافەكانی هاتوونەتەكایەوەو دەرخستنی بایەخ و گرنگی لەسەر وەستانیان.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش هەریەك لە میتۆدەكانی: وەسفی، مێژوویی، شیكاریی و رەخنەییمان بەكار هێناوە.

توێژینەوەكەشمان بەسەر ئەم سێ سەرباسەی خوارەوەدا دابەشكردووە.

**سەرباسی یەكەم: چەمكی عورف لە فیقهی ئیسلامیدا**

وەك خستنەڕووی پێشەكیەكی تێۆری بۆ دیاریكردنی سروستی پەیوەندی نێوان (دەق) و (عورف) لە ڕوانگەی زانایانی بوارەكەوە.

**سەرباسی دووەم: وێناو ماف و بەشداری ئافرەت لە قورئان و كۆمەڵگەی یەكتر تەواوكەری سەرەتای ئیسلامدا**

تایبەتكراوە بۆ دەستنیشانكردنی ئەو گۆڕانە گەورەی (ئیسلام)و (دەق)ی ئیسلامی لەسەر ئاستی: وێنا، بنەمای یەكسانی لە ماف و پیادەكردنی بە كردەوە، بەسەر پێگەی ئافرەتدا هێنا لە پێناو دەستنیشانكردنی ئەو نموونە مەرجەعیە بۆئەوەی دواتر لە كێشەی قەبوون و كاریگەری عورف و ڕۆڵە خراپەكەی لەبەر ڕوناكی ئەودا تێبیگەن.

**سەرباسی سێهەمیش: عورف و كاریگەری لەسەر دەقی ئیسلامی پەیوەندیدار بە وێناو ماف و بەشداری ئافرەتەوە**

كە تایبەتە بە قسەكردن درەبارەی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دووركەوتنەوە لە (دەق) و بەها ئیسلامیەكان و دەركەوتەكانی لەسەرو پێناو بەشداری و پێگەو مافەكانی ئافرەت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرباسی یەکەم : چەمکی عورف لە فیقهی ئیسلامیدا**

**یەکەم: پێناسەی عورف**

عورف لە ڕووی زمانەوانیەوە (عەربی) چەندین واتا لەخۆ دەگرێت لەوانەش: باشـی و پەسـەندی و ئارامی، دەسـتکراوەیی، دانپیانان و ناسین، بە دوای یەکدا هاتن و بەرزی و بڵندی. (الجمال، الصفحات 23-24)

ناسـین و پەسـەندی و دوپاتبوونەوەو بنجداکوتراویش، لە نزیکترین واتا کانیش بۆ واتا زاراوەییەکەی لێرەشـەوە لە ڕووی زمانەوە عورف بەو شتە دەوترێت خەڵکی پیی ئاشـنا بووبن و لەسـەری دامەزراو بن و شـوێن پێی هەڵگرن و شـوێنی بکەون. (أبوعمرة، 2017)

لەڕووی زاراوەییشـەوە زانایان پێناسـەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، بەڵام بەگشـتی پێناسـەکان لەیەکەوە نزیکن، هەندێکیان (عورف)یان وەك عورف پێناسـە کردووە، بەدەر لە چاکی و خراپی، هەشـیانە بە مەرجی دژایەتی نەکردنی عورفیان بۆ شەریعە، کردووە بە بەشیکی جیانەکراوەی پێناسەکە (جمیلة، و الورقي)

د. مستەفا زەڵمی پێناسەی عورف بە کۆمەڵێ ڕێسا دەکات کە بە هۆی خو پێوەگرتن و لەسەر ڕۆیشتنی خەڵکییەوە سیفەتێکی پابەند کەریان هەیە(الزلمي) هەرچی (د. عبدالکریم زیدان)ە، جگە لە ڕەگەزی زۆر دووپاتکردنەوەو ڕاهێنانی دەسـتەواژەی (کاروباری ژیان و مامەڵەکردن) وەك بواری عورف دیاریدەکات، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەکرێت عورف: وتراو، کردار، یاخود وازهێنان و وەلاخستن بێت (زیدان، 1996، صفحة 172) (عورف) و (نەریت)یش هاوشێوەی بەشێ لە زانایانی ڕابردوو لەگەڵ (عورف) بە هاو واتا سەیر دەکات. بەڵام لە (أصول فقه)ەکەیدا هەندێ پێناسـەکەیی پوختکردۆتەوەو بەم جۆرەی خوارەوە پێناسـەی کردووە و دەڵێت: عورف هەموو ئەوشـتـە گوتەیی و کردار یانەن خەڵکی پێی ڕاهاتوون و خوویان پێوەگرتووەو لەسەریان دەڕۆن (زیدان، صفحة 252)

**دووەم: جۆرەکانی عورف:** زاناو ئوسولییەکان عورفیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کردووە لەوانەش: گوتەیی و کرداری، گشتی و تایبەت، باش و خراپ، کە لە خوارەوە هەوڵدەدەین ئاماژەیەکی خێرا بە هەر یەکەیان بکەین:

**1- گوتەیی و کردەیی:**

**أ- عورفی گوتەیی:** ڕێکەوتن و ئاشـنابوونی خەڵکە بە ناوەڕۆك و ئاماژەی هەندێ گوتەو زاراوە، واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتیەکەی خۆی پێ دەدەن. کە بە بنەڕەتدا وەك بەکار هێنانی (خێزان) بۆ هاوسـەر. لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا (خێزان) بە دایك و باوك و نەوەکان دەوترێت.

**ب- عورفی کرداریی:** بەو کردارانە دەوترێت خەڵك لە نێوان خۆیاندا لەسـەری ڕاهاتوون و ڕێکەتوون. هاوشـێوەی دابەشکردنی مارەیی بۆ پێشەکی و پاشەکی. (زیدان، صفحة 252)

**2- عورفی تایبەت و عورفی گشتی:**

**أ- عورفی تایبەت:** بەو عورفە دەوترێت کە لە وڵات و ناوچەیەك، یاخود لەناو توێژێکی دیاریکراودا بڵاوبۆتەوەو کری پێ دەکرێت هاوشێوەی عورفی هەندێ ناوچە دەربارەی ئەو کەل و پەلی ماڵ بەناوی هاوسـەری ژن یاخود پیاوەوە تۆمار بکرێت، یاخود بەکارهێنانی هەندێ نیێژەو دەستە واژە لەلایەن هەندێ لە خاوەن پیشەوەرانەوە بۆ واتایەکی تایبەت کە جگە لەوان کەسانی تر بەکاری ناهێنن (شلبیك، 2020، صفحة 210)

**ب- عورفی گشـتی:** بەو عورفە گوتەیی و کرداریانە دەوترێت پانتاییەکی جوگرافی زۆر دەگرنەوەو بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێننەوە و درێژە دەکێشن (شلبیك، 2020، صفحة 210)

**3- عورفی باش (ڕاست)و عورفی خراپ:**

**أ- عورفی باش:** بەو عورفە دەوترێت خەڵکی ئاشنای بن و لەسەری ڕاهاتوون و پێچەوانەی (دەق) و (بنەما) و مەبەستێکی شەریعەتی ئیسلامیی و بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە نیەو خراپەو زیانی لێ ناکەوێتەوە.

**ب- عورفی خراپ:** بەو عورفە دەوترێت مەرجەکانی عورفی باشـی تێدا نەبێت، واتە لەگەڵ ئەوەی خەڵکی لەسـەری ڕاهاتوون، پێچەوانەی (دەق) و (بنەما) و (مەبەست)ێك یاخود زیاتری شـەریعەتی ئیسلامە، هاوشێوەی بێ بەشکردنی ئافرەت لەو (میرات)ـــەی شـەریعەت بۆی دیاریکردووە، کە لە چەندین کات و شـوێندا بەهۆی عورفی خراپەوە لێی بێ بەشـکراوەو داواکردنی بە نەنگیەك بۆ ئافرەت لە قەڵەم دراوە!. (شلبیك، 2020، الصفحات 210-211)

**سێهەم: مەرجەکانی عورف:**

فیقهی ئیسـلامی کار بە هەموو عورفێ ناکات و ڕەوایەتی پێنادات، لە چوارچێوەی سـەرچاوەو ئامرازە مەنهەجیەکانی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی بنەڕەتی و دامەزرێنەری ئیسـلامی هەژماری ناکات و بینای حوکمی لەسـەر ناکات، تا چەند مەرجێکی تێدا نەبێت، لەوانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** پێچەوانەی دەق و ڕێساو مەبەستە گشتی و باڵاکانی شەریعەت نەبێت. واتە دەبێت عورفێکی دروست بێت و نەچێتە خانەی ئەو عورفە خراپانەی ئیسلام ڕەتیان دەکاتەوەو بە ناشیاویان لە قەڵەم دەدات.

بەڵام پێویستە عورفەکە سـەراپا دژی دەق و بنەما ئیسـلامیەکان بێت نەك تەنها لە ڕوویەك لە ڕووکانەوە، چونکە ئەوکاتە دەتوانرێت لە ڕووەکانی ترەوە کار بە عورفەکە بکرێت. (زیدان، صفحة 296) (الزلمی، صفحة 84)

**دووەم:** پێویستە ناسراوو بەربڵاوو گشتی بێت. مەبەست لەمە ئەوەیە: لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا کاری پێبکرێت، هەروەها لە ناو خەڵکدا بەشـێوەیەکی تەواو بڵاو بووبێتەوەو گشـتی بوو بێت، بۆیە ئەگەر عورفێ لە هەندێ لە ڕووداوەکاندا کاری پێبکرێت و لە ڕووداو گەلێ و کاتی تردا کاری پێنەکرێت، بە پەرێشـان (مضـطراب) ناوزەد کراوە و ناچێتە ناو ئەم خانەوە. بە حوکمی ئەوەی کۆ دەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر نیەو هەمووان وەك پێوەر قبوڵیان نیەو بەرومبنای ئەویش بەشێوەی سەرومەر کاری پێناکرێت.

هەڵبەت دەبێت لێرەدا تێبینی ئەوە بکەین کە بۆ ئەوە ئەم مەرجە بێتەدی، مەرج نیە عورفەکە لە هەموو جیهانی ئیسـلامیدا بەربڵاو بێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە لە وڵاتێکی موسڵمانان و ناو خاوەن پیشەیەکی دیاریکراودا بەو جۆرە بێت و ئەو مەرجەی تێدا بێت. (عطوی، الصفحات 28-29)

**سـێیەم:** عورفەکە لە کاتی دروسـتکردنی ڕەفتار (گرێبەسـت)دا لە ئارادا بێت، جا عورفەکە گوتەیی یاخود کردەیی بێت، جیاوازی نییە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، عورفێ دوای ڕەفتارە قانوونیەکە بێتەکایەوە، یاخود پێش ئەو هەبوو بێت و لە کاتی ئەودا نەما بێتو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، کاریان پێ ناکرێت.

**چوارەم:** نەوتنی شتێ پێچەوانەی بێت: ئەم مەرجە زیاتر لە مامەڵەدا دێتەدی، بە گوێرەی ئەو ڕێسا ئوسوڵیەی دەڵێت: ئەوەی بە عورف لە قەڵەم دراوە، وەك ئەوە وایە بە مەرج گیرا بێت. بەڵام ئەگەر لایەنەکانی گرێبەستێك شتێ بڵێن پێچەوانەی عورفی باوو کار پێکراو لەو بوارەدا، لەو کاتەدا کار بە عورفەکە ناکرێت و ئەوەی ووتویانەو بەمەرجیان گرتووە ڕەچاو دەکرێت و کاری پێ دەکرێت. (السلمی، 2023، صفحة 121)

**چوارەم: بەڵگە ئەرك (حجیة)ی عورف:**

ڕەوایەتی عورف لە فقهی ئیسلامی و ئەو ڕۆڵەی بۆی دیاریکراوە، لە کوێوە دێت و سەرچاوە دەگرێت؟ زانایان بۆ وەڵامی ئەم پرسـیارە ئاماژەیان بە (قورئان) و (سـوننەت) و (ئیجماع)و (عەقڵ و بەرژەوەندی) کردووە، لە خوارەوەش ئاماژەیەکی کورت بە هەر یەك لەوان دکەین:

**1- قورئانی پیرۆز:**

قورئانی پیرۆز جگە لەوەی پەسـەندی چەندین عورفی عەرەبی باوی پێش ئیسـلامی کردووە، کە لەگەڵ گیانی شـەریعەتی ئیسلامیدا ناکۆك نەبوون (الزلمی، صفحة 260)

لەچەندین ئایەتی تریشدا، ئاماژەی بە چەمکی (عرف) و (معروف) کردووە زانایانیش لەڕێی خۆیانەوە کردوویانن بە بەڵگەی پاساودان و کارکردن بە عورف لە چوارچێوەی حوکمەکانی فیقهی ئیسلامیدا0

زانایان لەم ڕووەوە ئاماژەیان بە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز کردووە لەوانەش:

أ- (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) (الاعراف/ 199) ئایەتەکە داوا لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات لەگەڵ خەڵك کار ئاسانی بکات و چاوپۆشیان لێبکات و فرمان بە کارە باشەکان بکات، ئەوەی لە ناو خەڵك و کۆمەڵگەدا وەك باشە ناسراون و دانیان پێدانراوە بە گشتیش ئایەتەکە لە بواری ڕەوشتە بەرزەکان و (البیضاوی، 2006، صفحة 372) ئەخلاقناسی کۆمەڵایەتیدا هاتووە.

ئەم ئایەتە هەروەك (قورتوبی) بۆی چووە، لەم ڕووەوە دەبێت بە بەڵگەکە (وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ) تیایدا بەڵگەیەکی زەقە بۆ ڕەچاوکردنی عورف و داب و نەریتی خەڵك و ئەو شێوازەی، ژیانی خۆیان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان پێ ڕێکخستووە. (أبوعمره، صفحة 11)

ب- بەڵگەی دووەم ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: (وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ) (البقره /233) بەڵگەبوونی ئەم ئایەتە لەسەر کارکردن بە (عورف) وەك سەرچاوەیەك یا خود سەرچاوەیەکی تەواوکەری فقهی ئیسلامی لەم ئایەتەدا، لەوەدا ڕەنگدەداتەوە، کە پێوەری دیاریکردنی خەرجیی هاوسەری بە خێوکەری منداڵی بەجێهێشتووە بۆ عورف و داب و نەریتی خەڵك. (ابوعمره، صفحة 12)

ج- بەڵگەی سێیەم پشت ئەستورە بە ئایەتی (لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُۚ) (الطلاق/7) بەگوێرەی ئایەتەکە پیاو بەپێی عورف خەرجی هاوسەرو ڕۆڵەکەی لە سنوری تواناو ئاستی گوزەران و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەکێشێت.

**2- سوننەت:** سوننەتیش جگە لەوەی هاوشێوەی قورئان چەندین عورف و داب و نەریتی باوی عەرەبی پێش ئیسلامی پەسەند کردووە زانایان بەڵگەیان بە چەندین دەقی فەرموودەش لەم ڕووەوە هێناوەتەوە لەوانەش:

أ- لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە هندی کچی عەتەبە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (د. خ) ئەباسوفیان پیاوێکی چرووکەو جگە لەوەی سەرم لێدەدا خەرجیشمان ناکێشێ.

ئەویش فەرمووی: بەشی خۆت و مناڵەکەت بە گوێرەی ئەوەی باوە دابیرەو خەرج بکە. (الجمال، صفحة 48)

بەڵگە هێنانەوە بە فەرموودەکە بۆ ڕەوایەتی دان بە (عورف) لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دیاریکردنی بڕی بەشکردووی خەرجی، بەجێهێشتووە بۆ عورف و باوی ناو خەڵك.

ب- بەڵگەی دووەم ئاماژەیە بە فەرموودەی (مارأه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن) (شیخان، 2019، صفحة 21)

**3- کۆدەنگی زانایان:** زاناو شەرع ناسەکان لەسەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵگەیان بە عورف هێناوەتەوەو لە ئیجتهادەکانیاندا بەکاریان هێناوە.

ئەمەش بەڵگەیەکی تری ڕەوایەتی کارکردنە بە عورف لە فیقهی ئیسلامدا، چونکە ئەم کارەیان بەشێوازێکی کۆدەنگی بێ دەنگە لێکراو (اجماع السكوتی) لە قەڵەم دەدرێن، جگە لەوەی کە هەندێکیان قسەشیان لە بارەوە کردووە. (زیدان، صفحة 255) (الزلمی، صفحة 82)

**پێنجەم:پاساوی کارکردن بە عورفی دروست لە فیقهی ئیسلامیدا:**

پەسەند کردنی عورف و کارپێکردنی لە چوارچێوەی میتۆدی (اصول فقه) دارشتنی ئەحکامە فقهیەکاندا، لە کۆی دیدو تێڕوانینی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام بۆ ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگەو گیانە ئاسانکاریەکەی دابڕاو نییە، هەر بۆیە زانایانی موسڵمان و پسپۆڕانی بواری (اصول) و (فقه) لە پاڵ بەڵگە هێنانەوەیان بە چەندین ئایەت و فەرموودەو کۆدەنگی زانایان لە مێژوودا بۆ ڕەوایەتی بەکارهێنانی عورف لە چوارچێوەی مەنزومەی یاسایی ئیسلامیدا، ئاماژەیان بە چەندین (خاڵیش) لەم ڕووەوە کردووە، کە پەیوەستن بە ئامانج و مەبەستە باڵاکانی شەریعەتی ئیسلام و بەشێ لە ڕێساو بنەماو بەهاکانی لەوانەش:

1- ئەرکردار نەکردنی موسڵمان بە سەرو توانای خۆی (تلیف مالا یطاق)، چونکە ئەگەر ڕەچاوی عورف و شێوە ژیان و دەستور باوی نێو خەڵك نەکرێت، مەسەلەکە بەو جۆرە دەشکێتەوە. (الزلمی، صفحة 262)

2- پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییەکان (شاطبی) لەم ڕووەوە پەیوەندی نێوان (عورف) و بەرژەوەندی بەو جۆرە بێنێت، کە مادام خوای گەورە بەرژەوەندی لە حوکمە شەرعیەکاندا ڕەچاو کردووە، پێویستە ڕەچاوی عورف بکرێت، چونکە ئامرازێکی پارێزگاریکردنە لە بەرژەوەندییەکان لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا کە ئەوە مەبەستی خودی شەریعەتیشەو حوکمەکان لەبواری (مامەڵەدا) پەیوەستن بەو بەرژەوەندییانەی پێیانەوە بەستراونەتەوە. (الزلمی، صفحة 262) (الشاطبی و الفاضلی)

ج- دوورخستنەوەی باوەڕداران و خەڵك لە تەنگەڵان و دەست و پێ بەستران و بوار لە بەردەمدا تەنگ بوونەوە، کە لە زاراوەی شەرعیدا بە (حرج) دیاریکراوە قورئانی پیرۆزیش وەك دەقی دامەزرێنەری ئیسلام، بە گوێرەی ئایەتی (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ) (الحج/78) ئەوەی خستوتەڕوو دین نابێت ببێتە بارگرانی بۆ باوەڕداران، ئیسلامی سازگار لەگەڵ میهرەبانی بوونی پەیامی (پێغەمبەر) (د.خ) (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبیاء/107) هەموو جۆرە تەنگەتاوکردن و بارقورسیەك ڕەتدەکاتەوە.

یەکێ لە ڕواڵەتەکانی کار ئاسانیی و فراوانی شەریعەتی ئیسلامیش لە ڕەچاوکردنی (عورف) و داب و نەریتی نێو خەڵکی و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. (الشرقاوی، 1969، صفحة 184)

د- گۆڕینی ئەو لێکدانەوەو تێگەیشتن و (فتوا)و (ئیجتهاد)و دابەزاندنی ئەحکامانەی لەسەر بناغەی عورف دامەزراون، لە سۆنگەی گۆڕانی واقیع و عورف و بەرژەوەندی و هەل و مەرجەکانەوە. (المعماری، 2015، صفحة 431) (الحمرونی، 2018، صفحة 214)

کاریگەری عورف لەسەر دەقی ئیسلامی و حوکمی فقهی:

عورف جگە لەوەی بناغەی چەندین حوکمی شەرعی چەسپاوە، لە چەندین ڕووی تریشەوە، کاریگەری جۆراوجۆری بە سەردەقی ئیسلامی و حوکمی فقهی و تێگەیشتنی ئیسلامی موسڵمانانەوە بووەو هەیە. گەر ورد سەرنج بدەین هەست دەکەین، عورف ڕواڵەتێکی دەسەڵاتی شوێن و ژینگەیە بەسەر عەقڵی فیقهیەوە، بەو واتایەی عەقڵی فیقهی هەست بە تەنگەڵانێکی زۆر دەکات لەوەی ئەو حوکمانەی بەرهەمی دەهێنێت، لەگەڵ دەسەڵاتی ژینگەو عورف و داب و نەریتی خەڵك و باوەکانی کۆمەڵگەدا ناسازگاربن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەم جۆرەش کاریگەری (شوێن) و (ژینگە) و (کات) بە داڕشتنی حوکمە فیقیەکانەوە (بەتایبەت لە بواری مامەڵەدا) بە ڕوونی دیارە (الشلبی، 2008، صفحة 108) کە هەوڵدەدەین لە خوارەوە باس لە هەندێ لەو کاریگەریانە بکەین لەوانەش:

أ- مەرجەعی پیادەکردنی حوکم: عورف بە مەرجەع و بۆ گەڕاوەی پیادەکردنی حوکمەکان بەسەر ڕووداو واقعبووە ئەندەکیەکان (الوقائع الجزئیته)، دادەنرێت.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی ئایەتی **(وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ)** (الطلاق/2) عەدالەت بە مەرجی قبوڵکردنی شایەتیدان گیراوە.

عەدالەتیش لای زانایان پڕۆگرامێکی ناوەکی (ملكة)ی کە مرۆڤ لەسەر خۆپارێزی و پیاوەتی ڕادەهێنێت، لێرەشەوە، ئەوەی پیاوەتی (مرؤءة) لەکەدار بکات، لەگەڵ عەدالەتدا ناکۆکە، ئەوپێوەرانەی بۆ دەستنیشانکردنی پیاوەتی و کەسێکیش کەسێك دادەنرێن، لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی تردەگۆڕێن. (زیدان و الجوزیه، صفحة 275) (عمران، 2002، صفحة 100)

ب- گۆڕینی ئەو ئەحکامانەی لەسەر بناغەی عورف و بەرژەوەندییەکی دیاریکراو دامەزراون، لە سۆنگەی گۆڕانی کات و شوێن و عورف و ڕۆژگار و تێگەیشتنی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە بۆ هەندێ پرس و بابەت و بەرژەوەندییەکان. (المعماری، صفحة 431) (الحمدونی، صفحة 218)

ج- جوان و وەکو خۆی حاڵی بوون لە هەندێ واتاو مەبەستی وشەو مەبەستەکانی قورئان، (شاطبی) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر لێکدەرەوەی قورئان، عورف و داب نەریتی عەرەب لەکاتی هاتنەخوارەوەی قورئاندا نەزانێت و پێیان ئاشنا نەبێت، ناتوانێت لە مەرامی زۆر ئایەت تێبگات، چونکە ماناو ئاماژەی ئایەتەکان کە بە زمانی عەرەبی هاتوونەتە خوارەوە، بە زمان دەربڕراون. (ابوعمره، صفحة 17) (الزلمی، صفحة 3)

د- تایبەتکردنی دەقی گشتی: لە بواری ئافرەت و خێزانیشدا، عورف لە چەندین ڕووەوە ڕۆڵ دەگێڕێت و کاریگەری بەسەر (دەق) و (بەها) و (حوکمە فقهیەکان)ەوە بەجێهێشتووە.

خودای گەورە لە قورئاندا چەندین چەمکی وەکو: (قوامة) و (نشوز) و (درجة)ی، کە پەیوەندی نزیکیان بە پێگەو مافەکانی ئافرەت و دیاریکردنی سروشتی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ پیاو لە چوارچێوەی خێزاندا هەیە، بە پێناسە نەکراوی بەجێهێشتووە، واتە وازی لێهێناون بۆ عورف و تێگەیشتنی موسڵمانان و کۆمەڵگەکان بۆو چەمکەکانە لە چوارچێوەی کات و شوێن و هەل و مەرجە مێژوویی و قۆناغە شارستانیەتە جیاوازەکاندا.

جیاکردنەوەی (دەق)یش لە عورفە عەرەبیە رەچاو کراوە گۆڕاوەکان و فشاری واقیع، مەسەلەیەکی گرنگو ئەرکێکی ئەخلاقی و شەرعی و مافخوازانەشە.

چونکە بەهەر حاڵ ناکرێت واتای شیاویەتی شەریعەت بۆ مرۆڤ یەکسان بکرێت ناچارکردنی خەڵکی بە شوێنکەوتنی حاڵ و بارو عورف و تەرزی ژیانی نەتەوەیەکی دیاری کراوی هاوشێوەی عەرەب. (عاشور و المیساوی، 2001، صفحة 326)

مامەڵەی ئێمەش لەگەڵ چەمکی عورف لەم توێژینەوەدا، بەدەوری ئەم پرسەیەدا دەخولێتەوە، کە یەکێ لە دیارترین زانایانی (أصول)ی، سەدەی بیستەم واتە (ابن عاشور) ئاماژەی پێکردووە، هەر بۆیە (عورف) تەنها لەو چوارچێوە ئوسوڵیە فقهیە سنورداری ەدا سەیر ناکەین پیشتر ئاماژەمان پێکرد، تەنها باسی عورفی (دروست) و باشیش ناکەین وەك کۆت مەر جی بۆ کارپێکردنە فقیهە باوەکە، بەڵکومەبەستمان لە عورف هەموو ئەوشتانەیە لە گوتارو کردارو بەهاو نۆڕم، کە بە درێژایی ڕۆژگار بوونەتە چوارچێوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو داڕشتنی دیدو بۆچوونو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و داوەریکردن، دەربارەی (ڕوداو) و (ڕۆڵ) و (وێنا) و مافەکانی ئافرەت و کاریگەری هەموو ئەوانە بۆ سەر لە قاڵبدانی دەقی ئیسلامی، ئەم گەڕانەوەی توێژەریش بۆ (عورف) چەمکەکە لە ئاماژەکانی (کلتور)[1] نزیك دەبێتەوەو چوارچێوە گشتییەکانی شێوە ژیانی تاکو کۆمەڵگە لە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا دەگەیەنێت (عورف)یش لەم چوارچێوەیەدا ئەوە تێدەپەڕێنێت تەنها ئامرازێکی لێکدەرەوەو تەواوکەرو پشت پێ بەستراوی (ئوسوڵ) فیقهی ئیسلامی بێت، بۆ دیاریکردنی مەبەستەکان و داڕشتنی حوکمەکان، بە حوکمی ئەوەی لەم دیدەوە (عورف) هێندە بەهێز دەبێت، سێبەر دەخاتە سەر خودی دەق. بە جۆرێك تێکەڵی (دەق) و (حوکمی فقهی) و (عورف) و (کەلتور) دەگاتە ئاستێك، لێکجیاکردنەوەیان قورس و گران بێت، هەروەها عەقڵی فقهی لە سایەی چەقبەستووی زانستی و لاسایکردنەوەدا، لانی کەم لە هەندێ ئاستدا دەبێتە پاشکۆو لایەنگری (عورف) و (واقیع) بەجۆرێك کە بەدوای ئەو ئاماژەو بەڵگەو شرۆڤانەدا دەگەڕێت و زەقیان دەکاتەوە، ڕەوایەتی بە دۆخی هەبوو عورفی باو دەدەن و خەڵکەکە ڕازی دەکات. هەموو ئەوەش لە سایەی ڕێسای پێویستی گەڕانەوە بۆ عورف و تەرزە ژیانی باوی خەڵك ئەنجام دراوە کە لە بنەڕەتدا بۆ

---

(1) دەربارەی چەمکی کەلتور دەتوانێت بگەڕێرەوە بۆ: داریوش آشوری، تعریف هاو مفهوم فرهنگ، چاپ دوم، مؤسسة انشارات اگاه، تهران، 1381، هەروەها د. حسین بەشیرییە، تیۆری کەلتوری، و. مەنسور تەیفۆوری، مەکتەبی – ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی . ن ك) ، 2016.

ئاســـــانکاری و کرانەوە بووە، نەك لە قاڵبدانی دەق و ڕەوایەتی دان بە هەندێ داب و نەریت و واقیعی دواکەوتوو دژ بە (مقاصد)ەکانی شەریعەت و (بەهاو) و (ڕێساو بنەما گشتی)یە ئیسلامیە مەحکەم و دەستوریەکان. (ابوامامە، صفحة 108)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرباسی دووەم**
**وێناو ماف و بەشداری ئافرەت لە قورئان و**
**کۆمەڵگەی یەکتر تەواوکەری سەرەتای ئیسلامدا**

لەم سەر باسەدا هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی ئاماژەیەك بە وێنای ئافرەت و بەشداریکردن و ماف و کاریگەری ئەو لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان و کۆمەڵگە لە دیدی قورئان و کۆمەڵگەی تەواوکەری نێوان ژن و پیاوی سەرەتای ئیسلام و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ).

**یەکەم: وێنای ئافرەت لە قورئاندا:**

1- وێنای ئافرەت لە دۆخی سروشتیی ئیسلامیدا:

مەسەلەی (وێنا)کردن ڕۆڵێکی بنچینەیی لە پێناساندن، ڕۆڵ پێدان و داوەریکردندا دەگێڕێت، هەروەك وتراویشە (وێناکردن بەشێکی گرنگی حوکمدانە بەسەر کەس و شتێکدا) ئافرەتیش لەم ڕێساو چوارچێوە بەدەرنییە, ڕەنج و ئازارەکانی پەراوێز کەوتن‌و سنوردارکردنی ڕۆڵ‌و مافەکانی بەدرێژایی مێژوویش پەیوەستن بەو وێنا شێواوەی لە قۆناغە جۆراو جۆرەکان و سایەی ئاین و فەرهەنگ و تەیارە جیاوازەکاندا لێی گراوە. هەموو چاکسازییەکی ڕاستەقینەش لەم ڕووەوە، بەبێ دەستکاریکردن و گۆڕینی وێنا دەستی پێنەکردووەو پێناکات و سەریشی نەگرتووەو ناگرێت.

مەبەستمان لە (دۆخی سروشتی ئیسلام)یش دۆخی پێش دەستپێکردنی ژیانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، واتە دۆخی پێش دابەزینی (ئادەم) و (حەوا) بۆ سەر زەوی تێکەڵبوون بە کێشمەکێش‌و ململانێ و ڕێکخستنەکانی ژیان تیایدا و ئەو لێکەوتنانەی لێی دەکەونەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە چەمکی دیاریکراو بە کار ناهێنین بەو جۆرەی فەیلەسوفە هاوشێوەی (لۆك) و (ڕۆسۆ) بەکاری دەهێنن.

بەڵکو بە واتا کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە سروشتیەکە بەکاری دەهێنن وەك هاوکارو بناغەیەکی تیۆری و زیاد لەوەش (کەلامی)، بۆ دووبارە دارشتنەوەو شکڵ بەخشێکی ڕاست و دروست و دادپەروەرانە، بە وێنای ئافرەت و واتاکانی. لێرەشەوە دەتوانین باسی جۆرێ لە جۆرەکانی مافی سروشتی یاخود خوایی پێش تەشریع و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ئافرەتی موسڵمان بکەین، کە ئەویش لە وێناو کەسێتی نیشاندراوی (حەوا) لە چوار چێوەی یەکەم خێزانی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە دەبێت.

ئەگەر تاوێ بۆ مێژووی ئاینەکان و لەوانەش ئاینە ئاسمانیەکان لە پێش (ئیسلامدا) بگەڕێینەوە، بەسەر بۆ کۆمەڵێ گێڕانەوەو وێنا بەخشینی جیاواز لەوەی قورئان و جیهانبینی ئیسلامی بۆ (حەوا) دەکەوین. لەوێشەوە شۆڕش و ڕاستکردنەوە گەورەکەی ئیسلاممان لەم بوارەدا زۆرتر بۆ دەردەکەوێت.

بۆ نموونە لەگێڕانەوە تەوراتیەکەدا، کە دیدو وێنای نەرێنی لە مێژوودا بەرامبەر ئافرەت لای جولەکە و مەسیحیەکان بەشێوەیەکی گشتی دارشتووە[1] (حەوا) سەرچاوەی گوناهو سەرلێتێکدانی ئادەم و هەڵخەڵەتاندنیەتی، ئەویش بە حوکمی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1- حەوا لە پەراسووی چەپی ئادەم بەدیهاتووە.

2- حەوا تاوانی خواردن لە درەختە قەدەغەکەی ئەنجام داو دواتر (ئادەم)یشی لەم تاوانەدا کرد بە هاوبەشی خۆی ئەوەش لەڕێی جوانکردنی گوناهەکەو فیریودان و قەناعەتپێکردنەوە؟![2]

لەم گێڕانەوەدا (مار) لەگەڵ (حەوادا) قسە دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی لە نێوان ئەوو شەیتاندا بوونی نیە.

ئەم وێناو ڕۆڵ دانە پاڵ (حەوا)یەش، چەندین بەرەنجامی لێدەکەوێتەوە لەوانەش:

1- بەرەنجامی ئەنتۆلۆژی، ئەواتە ئەوەی پەیوەندی بە جەوهەری حەواو ئافرەت بوونەوە هەیە، کە دەتوانین ئەوەش لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

أ- ئافرەت هاوشێوەی (حەوا) زوو بە خۆشیەکان سەرنجی ڕادەکێشرێ‌و فریودەدرێت و فەرمانی خودای بیر دەچێتەوە[1].

ب- ئافرەت هاوشێوەی حەوا، کائنێکی کورت بین و ڕوکەشخوازو زوو تووشی (فتنە) دەبێت. (أحمد، صفحة 36)

2- بەهۆی ئەم تاوانەوە خودا چەندین دەردو ژان و نارەحەتی و سزای و هەتا هەتایی بەسەردا دەسەپێنێت، کە دەبێت هەموو ڕگەزێکی مێ، تا ڕۆژی دوایی بەدەستیانەوە بناڵێنێت، (أحمد، صفحة 14) لەوانەش: چوونە ژێر منەت و چەپۆکی دەسەڵاتی پیاوەوە لەڕێی

---

(1) بە حوکمی ئەوەی (تەورات) سەبارەت بە مەسیحیەکان بە (پەیمانی کۆن) ناسراوە، بە بەشێ لە کتێبی پیرۆزی خۆیانی دەزانن.
(2) سفر التكوين / 6/3
(1) بەڕوونی دەتوانین کاریگەری ئەم دیدە لە سەر بەشێ لە کەلەپوری ئیسلامی بۆ وێناکردنی ئافرەت لە مێژووی موسڵمانانندا بەدیبکەین و پەنجە بخەینە سەر ئاسەوارەکانی.

(ئادەم)یشەوە چەندین جۆر سزا بەسەر جۆری مرۆڤایەتیدا سەپێنراوە، بۆ ئەوەی ژیانی ئەم سەرزەویە بۆ مرۆڤ بەهۆی گوناهییە کەمەوە کە (حەوا) سەبەبکاری بنەڕەتییە، پارچەیەك بێت لە کوێرەوەری ڕەنج و ماندوێتی و کولەمەرگی.

یەکێ لە توێژەرانیش ڕەگ و ڕیشەی ڕەهبانیەت و دێرنشینی و دەست بەردار بوونی بەشێکی بەرچاوی ژنان و پیاوانی مەسیحی لە خۆشیەکانی ژیان، دەگێڕێتەوە بۆم وێناو دۆخی سروشتیەی مرۆڤی یەکەم، ئەو پێی وایە، لەسەر ئەم بناغەو هەوڵی مرادنی چێژەکانی جەستەو بەدیهێنانی دۆخی دنیا نەویستی لە خۆدا، وای لە پیاوانێك کردووە دێرنشینی و ڕەهبانیەت هەڵبژێرن بۆ ئەوەی نەکەونە داوی ژنانی فێڵبازەوە.

هەروەها وا ژنانێکی زۆریشتی دیسان وا لێکردووە، هەمان ڕێچکە بگرنەبەر، بۆ ئەوەی نەبنە سەرچاوەی سەر لێتێكدانی پیاوان‌و ئۆباڵی ئەو تاوانەیان نەکەوێتە ئەستۆ: (أحمد، صفحة 15)

- وێنای (حەوا) لە قورئاندا:

وێنای (حەوا) واتە دایکی هەموو مرۆڤایەتی و نوێنەری ڕەگەزی (مێ) لە دۆخی سروشتیی ئیسلامی و بەهەشتی یەکەمجاردا، جیاوازی بنەڕەتی لەو گێڕانەوە تەوراتیەی پێشوودا هەیە، ئەوەش لە چەندین خاڵدا دەرکەوێت لەوانەش:

1- ئاماژە نەکردن بە بەدیهێنانی (حەوا) لە پەراسوی ئادەم، چونکە قورئان بەشێوەکی گشتی ئاماژە بەوە دەکات (ئادەم و (حەوا) هەردووکیان لەیەك جۆر (نفس) بەدیهاتوون. (النساء/1)

یەکێ لە خوێندنەوەکان هەر لە کۆنیشەوە بۆ ئایەتەکەی سورەی (النساء) ئەوەیە کە باسی ئەوەی تێدا نیە (حەوا) لە ئادەم بەدیهاتبێت, بەڵکو ئاماژەیە بەوەی لە جۆری (ئادەم) واتە جۆری (مرۆڤ)، خودا حەواشی وەك تەواوکەری خێزانی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە (البیضاوی، 2006، صفحة 199) خۆ ئەگەر ریوایەتەکەی تریش بەهەند وەربگرین، هیچ قورئان ئاماژەیەکی بە پەراسووی ئادەمی تێدا نیە [(2)]، هیچیش لە ڕۆحی ئایەتەکە ناگۆڕێت، چونکە جگە لەوەی خودا خۆشی (حەوا)ی بەدیهێناوەوە بەرهەمی پەیوەندی نێوان (ئافرەت)و (پیاو) نیە، بەشێکیشە لە خودی (ئادەم) و واتای (بعضكم من بعض) لە قورئاندا ڕوون دەکاتەوە، واتە ئەوە دەگەیەنێت (ژن و پیاو) گیانێکن لە دوو جەستەدا. واتە: (حەوا) خودی ئادەمە لە شکڵێکی تردا.

2- لە قورئاندا (حەوا) تاوانی خواردنی درەختەکە ئەنجام نادا جگە لەوە لە زیاد لە ئایەتێکیشدا تاوان و دەستپێشخەریەکە خراوەتە ئەستۆی ئادەم. (طه/115-120-121/ الاعراف /22) .

3- هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان شەیتان و حەوادا بوونی نیە (البقرە/35) دیارە باسی (مار)یش لە جیهانبینی ئیسلامی بۆ دۆخی سروشتی مرۆڤی یەکەم و خێزان دەچێتە چوارچێوەی خەرافەوە.

4- جگە لە ڕاسپاردنی یەکەمی خوا بۆ نیشتەجێبوون لەو بەهەشتەدا لەگەڵ هاوسەرکەی هەروەها لێپرسراوێتی خستە ئەستۆی ئادەم کە ئەوبووە ڕاسپاردە خواییەکەی لە بیر خۆی بردۆتەوەو لە درەختە قەدەغە کراوەکەی خواردووەو سەرپێچیەی لە فەرمانە خواییەکە ئەنجام داوە،بەگشتی گوتارە خواییەکە ڕووی لە هەردووکیانە, واتە خودای گەورە لەڕێی ئادەمەوە هاوژینەکەی (حەوا) نادوێنی، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەردووکیان دەدوێنێ، پەشیمان بوونەوەکەشیان هەر پێکەوەیە. (الاعراف/22-23)

5- ڕوانگەی قورئانی‌و ئسلامی لە سۆنگەی جیاوازی وێنایەوە بۆ (حەوا) لە دۆخی سروشتی ئیسلامیدا، جۆری مامەڵەی (حەوا)و تەنانەت (ئادەم)یش ناکات بە سەرچاوەی هیچ بەدبەختی و نەفرەتێکی خوایی، بۆ جۆری مرۆڤ لەسەر زەویدا چونکە بە پێچەوانەی دیدە جولەکەیی و مەسیحیە تەقلیدیەکەوە، (ئادەم) و (حەوا) پەشیمانی لە گوناهەکەیان دەردەبرن (الاعراف/22) داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن و پەروەردگاریش داواکەیان لێوەردەگرێت، مژدەی ئەوەشیان پێ دەدات، کە لە قۆناغی دوای بەهەشتەکەو دەستپێکردنی ژیانی سەر زەمین و پێکهێنانی کۆمەڵگەش بێ کەسیان ناکات و ڕێنوێنی خۆیان بۆ دەنێرێت, لە ڕێی دەستگرتن بەو ڕێنوێنیانەشەوە دەتوانن خۆیان لە خەم و ترس و پەژارە دوور بخەنەوە (البقرة/83)

بەم وێنایە بۆ (حەوا)و چیرۆکی بەدیهێنانی یەکەم و (باوك) و (دایکی) مرۆڤایەتی و بوونیان لەو بەهەشتەی قورئان ئاماژەی پێکردووە، دەگەینە چەند ڕاستیەك, لەوانەش :

1- پیاو و ئافرەت وەك یەك و هاوشان، بابەتی گوتاری خوایی بوون و وەحیان بۆ کراوە.

2- هەردووکیان لە چوارچێوەی یەکەم خێزانی مرۆڤایەتیدا لەڕووی ئەستۆگرتنی ئەرك و لێپرسراویتیەکاندا هاوبەشن.

3- ئافرەت، بەرجەستە لە (حەوا) بەدیهاتووێکی ئەخلاقی لێپرسراوە، ئافرەت بوون ڕەمزی لاوازی و سەر لێتێکدان و چێژ پەرستی و (فتنة) نیە.

---

(2) لێرەشەوە دەبیێت بە چاوی گومانەوە سەیری هەموو ئەو دەقە ئیسلامیانەی دەرەوەی قورئان بکرێت، ئەم پرسە دەبەستنەوە بە مەسەلەی (پەراسوو) و کاریگەری سەرچاوە، تائیسلامییەکان لەسەریان فەرامۆش نەکرێت.

4- لە بیرچوونەوە كورتبینی فەرامۆشـــكردنی ئەرك و چەواشـــە بوون، تـایبەت نیە بە (ئـافرەت) یـاخود (پیـاو) بەڵكو تایبەتمەندییەكی جۆری مرۆڤایەتیە بە ئافرەت و پیاوەوە، بە گوێرەیەك كە چیرۆكی تاقیكردنەوەی ئافرەت و پیاویش (پیاو) لەو ڕووەوە ئەگەری تێكەوتنی زۆرترە.

5- ئافرەت بەرجەستە لە (حەوا)دا، خاوەنی كەسێتی سەربەخۆی خۆیەتی و تەواوكەری پیاو واتە (ئادەم)ە .

2- وێنای ئافرەت لە دۆخی ڕەتكردنەوەی ستەمكاریدا :

گۆ شـەیەكی تری وێنای ئافرەت لە قوئاندا، نیشـاندانی ئیرادەو توانای ئەوە بەرامبەر ڕەتكردنەوەی سـتەم و سـتەمكارترینی ستەمكارەكان كە فیرعەون بووە، هەروەها بەرزبوونەوە بۆ ئاستی سەرو هەموو (اغراء) و جوانی و خۆشی و چێژو بڵندیەكی ماددی، كە ژیان لە تەلاری دەسەڵاتداریدا بۆی دەستەبەر دەكات.

كە ئەویش لە (داســـتانی) خۆ پێناســـەكردن و خۆراگری و قڵپكردنەوەی پێوەرەكانی هاوســـەری فیرعەوندا دەردەكەوێت (التحريم/11) نزای هاوسـەرە باوەڕدارەكەی (فرعەون) كە داوا لە خودا دەكات: لای خۆی و لە بەهەشـتدا ماڵێكی بۆ دروسـت بكات، لە فرعەون و كارو كردەوەو سـتەم كاران رزگاری بكات (ئاماژەیە بە، بەرز بوونەوەیەكی مەعنەوی‌و دەروونی بەسـەر ژیانی دنیادا لە ڕازازوەترین شـێوە یدا، ئەو خاتوونە لەو ڕۆژگارەدا ئەوەی هاوســـەری مەزنترین پادشـــای ســـەرزەوی بووە, تەلاری فرعەون بەچێژترین شـوێن بووە، هەرچی ئافرەتێك دەیخوازێت و دڵی بۆی لێدەدات تیایدا دەسـتەبەر بووە، بەڵام بەهۆی ئیمانەوە چۆتە سـەر و هەموو ئەم شـتانەوە، نەك هەر پشـتی لێ هەڵدەكات، بەڵكو بە خراپەو چەپەڵیش وێنایان دەكات و پەنا بە خودا دەگرێت لێیان و داوای لێ دەكات لە دەســـتیان قوتاری بكات (قطب، صـــفحة 3622) خوای گەورە وێنای ئەم ئافرەتە، لە لوتكەی بۆ خوا لێبڕان، دەرچوون لە ژێر فشـــاری كۆمەڵگەو ناوەندە دەســـەڵاتدارێتیە باوەكە، ڕەتكردنەوەی ســـتەمو ژیان لە سـایەیدا، خۆڕاگری‌و گوێ نەدان بە كاردانەوەكان و ئازاری جەسـەتەو نەترسـانی لە مەرگ، بۆ سـەرجەم باوەڕداران، بە ژنو پیاوەوە، تا ڕۆژی قیامەت دەخاتەڕوو.

ئەم وێنـاكردنە قورئـانیەش لە لوتكەدا، هەموو ئەو وێنـاكردنە كەلەپوری و مێژوویـانەی تێـدەشـــكێنێـت, ئـافرەت وەك بەدیهاتوویەكی زەبوون و لاواز و بێ دەرەتان و كۆیلەو چێژ پەرست دەخەنەڕوو، (ناسكی) و (لاوازی) تێكەڵ بە یەكتر دەكەن و پێیان وایە (ناسكی)و (بەهێزی) لە كەسێتی ئافرەتدا پێكەوە كۆنابنەوە!.

3- وێنای ژن لە پێگەی دەسەڵات و بڕیاردانی یەكلاكەرەوەدا:

قورئان بە پێچەوانەی دیدی زاڵ و تەقلیدی مێژوو كەلەپوری ئیسلامی باو، وێنای ئافرەتێكی دەسەڵاتداری بە سەلیقەو خاوەن دیدگاو بڕیار دەرمان بۆ دەخاتەڕوو، كە ئەویش لە كەسێتی شا ژنە (بەڵقیس)ا پادشای (سبأ) دا بەرجەستە دەبێت (قطب، صفحة 2638) دەســەڵاتێكی ئاسـایشـی نەبوو، بەڵكو بە دەربڕینی قورئان (وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَـيْءٍ) كە كینایەیە لە شكۆو دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی و پێشكەوتن و بە گوێرەی پێوەرەكانی ئەو ڕۆژگارە.

كاتێك (سـلێمان) پێغەمبەر (د. خ) بەمە دەزانێت، نامەیەكی بۆ دەنوسـێت كە ناوەڕۆكی نامەكە لەسـەر زمانی شـاژن خۆی دەخرێتەڕوو، ســـەرەتا ڕاوێژكارو كەســـە پلە یەكەكانی دەوروبەری كۆدەكاتەوەو ناوەڕۆكی نامەكەیان بۆ دەخاتەڕوو وەســـفی نامەكەش بەو جۆرە دەكات كە بەڕێزەوە لە (سـلێمان)ەوە پێیگەیشـتووە (دیارە ئاگاداری باس و خواسـی سلیمان بوون)و بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان دەست پێدەكات.

داوامان لێدەكات موسڵمان بین و خۆمان بەرامبەر بە خوا، بە گەورە نەزانین.

دوای نیشـاندانی ئەم سـەلیقە جوانە لە وەسـف و خسـتنەڕووی ناوەڕۆكی نامەكەو داواكاریەكەی (سـلیمان) (د.خ)، كە بە ڕوونی زەمینە ســـازكردنی دەروونی بۆ هەنگاوەكانی دوای ئەوی پێوە دیارە، وێنای پادشـــایەكی پابەند بەڕاوێژو بیرو ڕای خاوەن ڕاكانی پادشانیشینەكەشی دەخاتە پێش چاو، كە بێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ بڕیارێكی یەكلاكەرەوەو چارەنووساز، نادات.

بەمەش وێنەی خۆی لە وێنای پادشا ستەمكارەكانی مێژوو خۆ بە خوا كردوەكانی هاوشێوەی (نەمرود) جیادەكاتەوە دانایی لە حوكمڕانیدا دەخاتە ڕوو.

ئایەتەكان نیشـانمان دەدەن، كە كۆڕی ڕاوێژكارانی كۆشـكی پادشـایەتی (سـبأء) بژاردەی بەریگركردن دەخەنە بەردەمی لەو سۆنگەوە كە خودان هێزو توانای بەرگرین، بەڵام بڕیارو هەڵسەنگاندنی كۆتایش دەدەنەوە دەستخۆی.

ئەویش لە ڕوانگەی ئەزموون و مێژووی سـیاسـی و پادشـایان لە ڕابردوودا هۆشـیاریان دەكاتەوە بەرامبەر ئەوەی: ئەگەر پادشایەك لە جەنگدا بە سەرماندا سەركەوت و لەگەڵی ڕێكنەكەوین, خراپەی مەزنی لێدەكەوێتەوەو دانیشتوانەكەمان سەر شۆڕو زەلیل دەبن و دەكرێن بە كۆیلە، بۆیە جارێ با لەڕێی ناردنی دیارییەكی گران بەهاوە نیازی (ســـلێمان)ی پێغەمبەری پادیشـــا تاقیبكەینەوە.

بەگشتی لە دیوێکی ئەم گێڕانەوە قورئانیەدا، کەسیەتیەکی دەستڕۆیشتوو، شوراخواز، خاوەن بڕیارو شکۆمەندو داناو ورد لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکاندا خراوەتە پێش چاو، کە سەرجەم ئەم شتانەش ناڕاستەوخۆ دەچنە خانەی ستایشەوە.

لەوەش زیاتر تاکە کەســـیەتیەکی دەســـەڵاتداری مێژوویییە (جگە لە پێغەمبەران)، لە قورئاندا ئاماژەی پێکرابێت و نەبووبێتە ڕەمزی خراپەو ستەم و بە ناڕاستەوخۆش ستایش کرا بێت.

توێژەریش لە ڕوانگەی ئەو خستنەڕووەی قورئانەوە، ڕای وایە ئەم خاتوونە پێشتر خۆی باوەڕی هێناوەو ویستوویەتی بەشێوەیەکی عاقڵانەش ڕێنوێنی ژێر دەستەکانی بکات بۆ باوەڕ، بەمەش تاڕادەیەکی زۆر کەسێتی هاوشێوەی کەسێتی نەجاشییە.

**دووەم: مافی وەك یەکی ژن و پیاوو یەکسان نیوانیان لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی جیاوازیەکاندا.**

لە چوارچێوەی پرۆسەی دووبارە بنیاکردنەوەی خێزان, کۆمەڵگەو پەیوەندییەکان, هەروەها دیاریکردنی لە پێشینەبوونی بەها ئیمانیە نوێکاندا، پێگەی ئافرەت گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات.

ئافرەت جگە لەوەی لە ڕووی دینی و ئەخلاقی و ئینسانیەوە, پارێزبەندی بۆ کەسێتی و مافەکانی پەیدابوو، بە حوکمی هاتنیان لە قورئاندا و پیادەکردنیان لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ)، وەك ســـەر مەشـــقی بەرجەســـتەکردنی مەنزومە ئەخلاقیە ئیســـلامیەکە، جۆرێك لە پیرۆزباییان پێ بەخشـرا, بە جۆرێك کە لە هەندێ شـوێندا، ژێرپێدانی ئەو مافانە بە شکاندنی سنوری خوا چوێنراوە. (الطلاق/ 1)

بناغەی دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانیش لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا یەکســـانیە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ دەقی قورئانی هەســـت دەکەین، لە پانتاییەکی فراواندا، یەکســـانی بە واتا واقیعیەکەی لە نێوان ئافرەت و پیاودا بەدیهێناوە، وێنای ڕەگەزەی مێ بە کەسێتی خۆی و مافەکانیەوە بە بێگەردی دەدرەوشێتەوە، لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا نەبێت، جیاوازی لەگەڵ هاو جۆرەکەی، واتە پیاودانیە (فرج، 2015، الصفحات 49-50) بەم جۆرەش گوتاری قورئان بەردی بناغەی یەکسانی نێوان ژنو پیاوی دانا، بەڵام دواتر داب و نەریتی خێڵەکی مەبەستەکانی ئەم دەقە پیرۆزە خواییەی دەربارەی ژن شێواند. (فرج، 2015، صفحة 96)

ئەم بەردی بناغەی یەکســـانیەش تەنها لە ڕێی چەند (تشـــریع)ێکی ئەندەکی (جزء)ییەوە دانەڕێژرا بوو، بەڵکو ژێرخانێکی ئەنتۆلۆژی و کەلامی قوڵی مەعنەوی هەبوو هەیە، کە لە خوارەوە ئاماژەیەکی کورتیان پێ دەکەین:

**یەکەم: لەڕووی بوونناسیەوە:**

ژنو پیاو لەیەك بنەڕەت و جۆر (نفس)ەوە سەرچاوەیان گرتووە، واتە لە بەدیهاتن و مرۆڤایەتیدا یەکسانن.

هەروەها خاونی هەمان کەرامەتی مرۆڤایەتی خوادا پێدراون (النساء/1)، (عبدالحال و المجذوب، 2004، صفحة 594) کە لە دیدی ئیسـلامیدا پێوەری هەموو بەرزی و نزمییەکی مرۆڤ و دەســتنیشــانکردنی باشــترینەکانە (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) (الحجرات/ 13).

**دووەم: لەڕووی کەلامیەوە:**

لەڕووی کەلامیشـەوە، گوتاری خوایی ڕووی لە هەردووکیانە، واتە هەردووکیان وەك یەك شـایستەیی و مافی باوەڕ هێنان و ژیانی ئەخلاقی و هەڵگرتنی ئەمانەتی خواییان هەیە.

جگە لەوە هەردووکیان لە خواپەرستی و چاکەکاری و ئەو پاداشتەی لەسەری وەریدەگرن یاخود ئەو سزایەی لەسەر کەمتەر خەمی و خراپەکاریتان دەدرێن یەکســانن. هەرکەســێ چاکە خواز بێت چ ژن چ پیاو بە مەرجێ باوەڕدار بوون، بە بەهەشــت پاداشت دەدرێتەوەو بە قەدەر تۆز قاڵێ ستەمی لی ناکرێت. (النساء/124)

لێرەشــەوە ئافرەت پێش ئەوەی ڕەگەز (جنس) بێت (جۆر)ە واتە مرۆڤە، هەروەها پێش ئەوەی هاوســەر بێت موســڵمانە، لەم دوو ڕووەشـــەوە لەگەڵ پیاودا بەرامبەر بە خودا یەکســانن، هەر بۆیە کاتێك دەچێتە ناو خێزان و لەو چوارچێوەشــدا ســیفەتی (ئافرەت) بوونەکەی وەك هاوســـەر زەق دەبێتەوە، هیچ کام لەو دوو مافــو ناســـنامە بنەڕەتیەناداوڕێنێت، واتە وەك مرۆڤی خاوەن کەرامەت و موسڵمانی خاوەن پارێزبەندی ئەخلاقیو شەرعی دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندییەکی نوێوە کە پێی دەوترێت خێزان.

**سێیەم: لەڕووی مەعنەوی و ئەخلاقییەوە:**

بە پێچەوانەی ئەو دیدە کەلەپورییەی ئافرەت بە بوونەوەرێکی نەرێنی و لاوازو بابەتێك بۆ سـۆزو چاکەو پیاوەتی پیاو لە قەڵەم دەدات، لە دیدی قورئاندا، ئافرەتو پیاو ڕۆڵێکی هاوبەش و تەواوکەر بۆ یەکتر دەبینن، ئەوەش لە ئایەتی (هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ)دا (البقرة/ 187) بە جوانی دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە پۆشاك (لباس)یش سێ ئەرك بۆ مرۆڤ دەبینێت:

أ- داپۆشین و شاردنەوەی عەیب و عار.

ب- پاراستنی لە ئازارو سەرماو گەرماو کاریگەری ژینگەو دەوروبەر.

ج- جوانی پێ بەخشین. (صلابی، 2020)

ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، بەو ئەندازەی (ئافرەت) لەم ڕووانەوە پێویستی بە پیاوێكی جوامێرو لێپرسراوە، پیاویش بە هەمان شێوەو ئەندازە پێویستی بە ئافرەتێكی عاقڵ و میهرەبانەئەو ڕۆڵانەی بۆ ببینێت و لەم بە یەكتر پێویست بوونەش یەكسانن، ئەم بنەمایە سەردەكێشێت بۆ دیاریكردنی ماف و ئەركەكانیش بەو جۆرەی لە خوارەوە ڕوونی دەكەینەوە:

*** یەكسانی لە ماف و ئەركدا:** ئەگەر بەو جۆرە لە یەكسانی تێبگەین كە تەنها لە مافدا نیە بەڵكو لە ماف و ئەركیشدایە، هەروەها یەكسانی (مساواة) لە هاوشێوەیی و وەك یەكی (تماثل) جیا بكەینەوە كە زۆرجار پێكەوە تێكەڵ دەكرێن، هەروەها هوشیار بین بەوەی كە ئیسلام مافەكانی ژن و پیاوی بۆ هەتا هەتایە دیارینەكردووە دەرگای بە ڕووی گۆڕان و بزوتنەوەی ژیاندا بە كراوەیی بەجێهێشتووە، بۆ نوێكردنەوەیان، دەتوانین بڵێین: هەر كەسێك بەوراداچوونێكی مەنهەجی و (مقاصد)ی ورد بۆو ئایەت و دەقە قورئانیانە بكات، پەیوەندییان بە مەسەلەكانی ئافرەتەوە هەیە, دەگاتە ئەو قەناعەتەی بەدیهێنانی یەكسانی نێوان ئافرەت و پیاو یەكێكە لە مەبەستەكانی گوتاری قورئانی. (ابوزید، 2004، صفحة 20)

بناغەی دیاریكردنی یەكسانیش لە ڕووی مافەكانەوە ئەو دەقە قورئانیەیە كە دەفەرموێت: (وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ) (البقره /228) ئایەتەكە بۆمان ڕووندەكاتەوە، كە بناغەی پەیوەندی نێوان ئافرەتو پیاو یەكسانیە لە ماف و ئەركەكاندا. (سابق، 1983، الصفحات 61-62)

ئەم ئایەتە ڕێسایەكی گشتیمان دەخاتە بەردەست بۆ دیاریكردنی مافەكانی (ژن) و (پیاو) لەخێزاندا. (عمارة، 1980) یەكسانیەكەش هەر لەسەرەتاوە لە دانانی بەردی بناغەی خێزانەوە دەست پێ دەكات، لەو سۆنگەوە كە خێزانی ئیسلامی یاخود خێزان لەڕوانگەی قورئان و كۆمەڵگەی سەرەتایی ئیسلامەوە، لەسەر بناغەی گرێبەس (عقد) و ڕەزامەندی هەردوو ڕەگەزەكە لەسەر پێكهێنانی ژیانی هاوبەش دادەمەزرێت، بە جۆرێك بۆ باوك و هیچ نزیكێكی تری ئافرەت نیە بە زۆرو بێ ڕەزامەندی خۆی بەشوو بدات، ئەگەر لەڕووی (فیقهی) چاخی پاشەكشەی دینی و ئەخلاقیی و شارستانی موسڵمانیشەوە ڕەوایەتی پێ بدرێت (وەك لەسەر باسی دواتردا دێنە سەری) لەڕووی دینی و ئەخلاقی ئیسلامیەوە ناڕەواو بەتاڵە. (سعدالله، الصفحات 109-110)

دوای ئەوە ئەم ئایەتە هەموو ئەو كۆت و بەندانە تێكدەشكێنێ، كە مافەكانی ئافرەت و لەوێشەوە دیاریكردنی ڕۆڵ و كەسێتی و پێگەی لە ژیان و كۆمەڵگەدا، بە دۆخ و عورف و داب و نەریتێكی چەقبەستووی دیاریكراوەوە دەبەستنەوە، لە ڕووی مافەكانیشەوە ئافرەت دەكات بە هاوشانی پیاو (النساء شقائق الرجال). (الخنجری، 2007، صفحة 252)

ئەم ڕێسایەش بە سروشتی ئیسلامی بوونی بەتایبەتیش لەسەر ئاستی دەقی قورئانیدا كە ئاشتیی و ئەخلاقی بە نێویەكدا دەچن و یەكتری تەواو دەكەن، بەتایبەتش ئەخلاق پاڵپشت و پاڵنەور ژینگەی پیادەكردنی حوكمی شەرعی پێكدەهێنێت، تەنها ڕەهەندێكی یاسایی و فقهی نیە، بەڵكو ئاماژەیە بەكۆی ئەو پەیوەندییانەی لەڕووە جۆراوجۆرەكانەوە ژن و پیاو بە یەكترەوە دەبەستنەوە.

هەر بۆیە هەموو ئەوەی بۆ پیاو هەیە، لە مەسەلە شەرعیەكانی وەك: گوێڕایەڵی، ئەمانەت و داوێن پاكی، دڵسۆزی، خۆشمەشرەبی، مامەڵە باشی و ڕەفتاركردن بەو جۆرە خۆشەویستی (مودة)و ڕێز دەیخوازێت، هەروەها ڕێزلێگرتن و ئازار نەدان، بەدڕەفتاری لەگەڵ نەكرن و داوای قورس نەكردن لە هاوسەرەكەی، بەهەمان شێوە بۆ ئافرەتی هاوسەریش هەیە. (صالح، 2003-2004، صفحة 100) بەمەش ئەم دەق و ڕێسا ئاسۆكراوە بە ڕووی مێژوو ئایندەو لە خۆگرتنی مافە نوێكان، گەر وەك خۆی تێبگەین و كاری پێبكەین بە شۆڕشێك لە بواری دارشتنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو ڕەگەزەكە, بەتایبەتیش لە چوارچێوەی خێزاندا لە قەڵەم دەدرێت.

لەبەر ئەوەی ئافرەت دەكاتە لایەنێكی سەرەكی خاوەن ماف لە پێكهێنانی خێزاندا, هەرئەمەشە وای لە عاریف و خواناسێكی وەكو (بشر) (الغزالی و محمد سید، صفحة 32) كردووە كاتێك پێی دەڵێن خەڵك قسەت لەسەر دەكەن چونكە ژنت نەهێناوەو بەوەش سونەتت واز لێهێناوە، دەڵێت: برۆن پێیان بڵێن: لەبەر فەرز وازی لە سوننەت هێناوە: چونكە ئەوەی ڕێگەی لێگرتبووم ژن بهێنم وتەی خواو ئایەتی (هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَ) بوو (البقره/ 228) ئەو پلەش كە پیاو بەسەر ژنیەكەیەوە هەیەتی و لە ئایەتەكەدا ئاماژەی پێكراوەو بە پێناسە نەكراوی بەجێهێڵراوە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆكی لەگەڵ گۆڕانكاری لە ماف و ئەركەكاندا لە چوارچێوەی چەسپاوە ئەخلاقی و جیاوازیە سروشتیەكاندا گونجاو بێت، لای هەندێ لە زانایان (لێپرسراوێتی خەرجیكێشانی خێزان و بەدەستبوونی تەڵاق) لێكدراوەتەوە (مهریزی، 2008، صفحة 118) بەڵام هەرچی لەم سۆنگەوەو دەربارەی ئەم (پلە) بوترێت، وەك ڕاستی وەرناگیرێت و تەنها شرۆڤەو بۆ چوونە، پێناسەكردن و واتا پێدانی توێژەریش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە كە ئەم (پلە) بە واتای مشوور خۆری و سەرپەرشتیكاری و (قیوم)یەتی پیاو لە خێزاندا پێناسە دەكات. (النساء/ 34).

ئەم پێگەی پیاویش لە خێزان بەشێوەیەكی بنچینەیی (ئەرك) و (ڕۆڵ) و (لێپرسراوێتی)ـە زیاتر لەوەی ماف بێت.

چونكە لە بنەڕەتدا واتاكەی تێكەڵە بە پاراستن و مشور لێخواردن و سەرپەرشتیكردن (بیضون، صفحة 60) پیاوی (قیوم)ی هاوسەری ئافرەتیش ئەوكەسەیە بەدەم كاروبارو پێداویستی هاوسەرەكەیەوەیەو مشوریان لێ دەخوات.

چونکە چەمکەکە بە واتای دەســـتبەرکەریش هاتووە (ویســـی، 1345) چەندین زمانناســـی دیار ڕیشـــەی زمانەوانی چەمکەکەیان بەم جۆرە لێکداوەتەوە.

لە سۆنگەی بەجێهێشتنی دیاریکردنی مافە گۆڕاوەکان بۆ (عورف)و ئاڵو گۆڕە ژیاریی و کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها پێناسە نەکردنی هیچ کام لە چەمکەکانی (درجة) و (قیوم) دەگەینە ئەو بۆ چوونەی کە، ئەم پرســـە (جەوهەر) و (عرض)ی هەیە، بە واتایەکی تر دیدی ئیسلامی لەگەڵ مانەوەی ڕۆڵی پیاوە وەك سەرپەرشتیارو پارێزەرو سەرپەرشتیارو مشورخۆری خێزانەکەی، بەلام پانتایی لێپرســراوێتیەکانی لەم ڕووەوە کەم و زیاد دەکات، بەو واتایەی ســەرپەرشــتی و ئەرك و لێپرســراوێتی پیاو لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینەی هەرە هەژارو نەخوێندەوارو هاوسەرێکی بێ بەش لە خوێندن و هۆشیاری پێویست بە ژیان و جیهان و خۆی و پیاوو خێزان، لەگەڵ کۆمەڵگە و ژنێکی خوێندەوار و هاوچەرخ و چاوکراوە, یەکســـان نین، ئەرکەکانی پیاو لە یەکەمدا زۆرترو قورســـترو لە دووەمدا سنوردار ترە, بە حوکمی گۆڕانی ئاستی ڕۆشــنبیریی و قانونی و کۆمەڵایەتی پێگەی ژن لە خێزان و کۆمەڵ و کارکردنی و هۆشــیار بوونی بە مافەکانی و گۆڕانی چاوەڕوانیەکانی و کار ئاسنی بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا.

بەڵام جەوهەری ســـەرپەرشـــتیاریەکە دەبێت بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە خێزاندا نەبێت بە پەیوەندی نێوان دوو تاك بە واتا فیمنیستیە توندڕەوە سەردەمیەکەو ئەو واتایەی مارکسیەت بە سروشتی پەیوەندی نێوان ئەو ژن و پیاو لە خێزاندا دەیدات کە بە گوێرەی ئەو ژن بیرۆلیتارو پیاویش دەوری بۆرژوازی دەبینێت و (مهاجر و محەمەد، 1383- 2008) لە ململانێیەکی بەردەوامدان بەڵکو هاوشـــێوەی دیدە قورئانیەکە پێکەوە بوونی دوو (زوج) بن کە ئامانج تیایدا جگە لە درێژەدان بە نەوەی مرۆڤایەتی و بەرهەمهێنانەوەی جۆر، لە ڕێی وەچەخستنەوەوە, دەستەبەرکردنی خۆشەویستی و ئارامی و هێمنی بۆ ژن و پیاو و منداڵەکانیان بێت .(الروم/21).

لەم ڕوانگەشەوە ئەگەر ورد سەرنج بدەین مەسەلەکە ڕێزدانی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا نیە، چونکە بە گوێرەی ئایەتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُـــعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات/13)، هیچ کەس و مرۆڤێك لە سۆنگەی، نەژاد، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگ لەوی تر باشترو بەڕێزترننە، پێوەری ئەوە هەست بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە خوداو کاری چاك و ئەخلاقی مامەڵە کردن و خزمەتکردنەو (تقوی)ەیە.

لێرەوە شتێ بەناوی باشتربوونی (پیاو) لە (ژن) بە حوکمی پیاو بوون و ڕەگەز لە گۆڕێدا نییە، چونکە ڕێسا گشتیەکەی (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) و کەرامەتی خودا پێداوی مرۆڤ بە هەردووکیان لە سۆنگەی (ولقد کرمنا بنی ادم) ڕێزادانی یە کێ بەســەر ئەویتردا لەسەر بناغەی ناسنامە فەرعیەکانی تر و لەوانەش (ئافرەت) و (پیاو) و (نێر)و (مێ) هەڵدەوەشێتەوە. لەڕوانگەی ئەو ڕاستیەشەوە (بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ) کە لە ئایەتی مەترەحکردنی مەسەلەی (قوامە)دا هاتووە، مانای پلە یەکی و دوویی ناگەیەنێت، ئایەتەکەش لە شێوەی (بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ)دا هاتووە، بۆ ئەوەی وەهمی باشتر بوون لەسەر بناغەی ڕەگەز بسڕێتەوە، ئەگەر وەکو ڕێساش پیاوان توانای جەســـتەیی زۆرتریان لە ئافرەتان هەیەو ئەرکی خەرجی خێزانیشـــیان لەئەســـتۆدایە، بەوەش توانای پارێزگاریکردن سەرپەرشتیکردنی هاوسەرو منداڵەکانیان زۆر ترە، پەیوەندی بە باشی و خراپی (ئینسانی) و (دینی)و (ئەخلاقی)بوونەوە نیە، ئەمەش وەك ڕێسایەکی گشتیە، دەنا کەم نین ئەو ئافرەتانەی لەکاتی نەمانی هاوسەردا، توانای سەرپەرشتیکردنی خێزانەکانیان و کەسێتیان لە هاوسەرەکانیان بەهێزترە،

وە لەکاتی مردن یاخود دیار نەمانی ئەودا ســـەرپەرشـــتی منداڵەکانیان دەکەن و پێیان دەگەیەنن و گەورەیان دەکەن. ئەگەر (قورئان) لەم شوێنەدا پیاوی کردووە بە سەرپەرشتیاری (خێزان)، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو سنورانەی (ئادەمیزاد بوون) و (موسڵمان بوون)ی هاوسەری ئافرەت لەم ڕووەوە بۆی دیاریدەکەن، مافە بنەرەتیە یەکســـانەکانیش، کە مافە هاوبەشـــەکانی هەردوولا پێکدەهێنن و لە (حورمەتی خوێن و شەرەف و کەسێتی و ماڵ و کەرامەت و سوکایەتی پێنەکردن و لە پاشملەوە باس نەکردن و تانە لێنەدان و...هتد بەرجەستە دەبن و قابیلی سازش لێکردن نین) (بیضون، 1985، صفحة 60) وەك خۆیان دەمێننەوە.

مەسەلەی (نشوز) و مافی پیاویش لە لێدانی هاوسەرەکەی بە کۆمەڵێ مەرجەوە کە لە ئێستادا وەك حاڵەتێکی نایەکسانی نێوان ژن‌و پیاو دەردەکەوێت، لە سایەی تێگەشتنێکی ئەخلاقی و (مقاصد)یانە بۆ دەقەکە، هیچ کێشەیەك بۆ عەقڵی قانونی و ویژدانی ئەخلاقی ئیسلامی هاوچەرخ دروست ناکات، چونکە جگە لەوەی (ناشرة) چەمکێکی پێناسە نەکراوە، یاسا ناسی موسڵمانی سەردەم دەتوانێ واتایەکی وای پێببەخشـــێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئافرەتی موســـڵمان و ماف و پێگەو کەرامەتی ئەو خێزاندا گونجاو بێت، خێزان زۆر بە ئاســـانی دەتوانێت وەك (مباح)ێك، لە سۆنگەی خراپ بەکارهێنانی دەســەڵات لەلایەن پیاوو فراوانکردنی واتای نشوز بۆ ئاستی پەیوەندی نەمانی زۆربەی هەر زۆری توندوتیژیەکانی پیاوی سەردەم بەو ئەسڵە شەرعیەوەو ڕەچاو نەکردنی پلەبەندی و ڕێنوێنیەکان و تێکەڵبوونی لێدان با ڕەمزیش بێت بە هەست بە سوکایەتی لەلایەن ئافرەتەوە بە یاسا قەدەغەی بکات. (سلیمان، 2004)

مەســـەلەی (میرات)یش کە دیســـانەوە بە خاڵێکی تری نا یەکســـانی نێوان ژن و پیاو دەرچوون لە ڕێســـا گشـــتیەکە لە قەڵەم دەدرێت، لەجەوهەردا نایەکســـانی نییە، چونکە لەســـەر بناغەی پشـــکەکان ڕەگەز دابەشـــنەکراون، بەڵکو بە گوێرەی جیاوازی

ئەرکەکان و نایەکسانی لە ئەرکدا دیاریکراون (تۆفیق، 2019)، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە، کە لە هەموو شوێنێکدا ئافرەت نیوەی پیاو وەرناگرێت، بەڵکو لە هەندێ شوێندا وەك یەك و هەندێ جاریش ئافرەت زیاتر دەبات و هەندێ شوێنی تریش نیوە.

هەر بۆیە موسڵمانەکانی سەرەتای ئیسلام، کە میراتیان هاوشێوەی غەنیمەت دەبینی و بەستبوویانەوە بە نێرینە بوون و جەنگاوەر بوونەوە، توانای سواری ئەسپ بوون و جەنگ کردن و دەستکەوت بەدەستهێنان، دیاریکردنی میراتی بۆ ئافرەت بەم جۆرە، زۆر لەسەر سەرشانیان قورس بوو ئەگەر مەسەلەکە (ئیمان) بە فەرمانی خوداش نەبوایە، بە ئاسانی قبوڵیان نەدەکرد، چونکە دەیانوت: ژن یەك لەسەر چوارو یەك لەسەر هەشتی پێ بدرێت کچ نیوەی پێ بدرێت، منالو مێرد منال بەشە میراتی پێ بدرێت، لە کاتێکدا هیچ کام لەمانە بەرگریان بێ لە (خێڵ) پێناکرێت و توانای بەدەستهێنانی دەستکەوت (غەنیمە) شتیان نیە، هەر بۆیە لە پێش ئیسلامدا زۆربە دەگمەن نەبێت جگە لە پیری جەنگاوەر بەشە میراتی پێ نەدراوە. (أمین، 2006، صفحة 224) لەبنەڕەتیشدا هاتنەخوارەوە ئایەتەکانی میرات دەستنیشانکردنی بەشە میراتی چەسپاو بە دەقی قورئان بۆ ئافرەت، لەسەر سکاڵاو داوای هەندێ لە ئافرەتان خۆیان بوو بە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی ژیان بۆخۆیان و منداڵەکانیان دوای مردنی هاوسەرەکانیان، (نوسەرە، 2006، صفحة 232) بۆیە لە چوارچێوەی کارکردن بە کۆی مەنزومە فیقهی و ئەخلاقیە ئیسلامیەکە لە بازنەی خێزاندا، کە هیچ ئەرکێکی دارایی ناخاتە سەر ئەستۆی ئافرەت، ئەم جۆرە دابەشکردنەی (میرات) هیچ کێشەیەکی نایەکسانی جددی ناخولقێنێ، خۆ ئەگەر بە فشاری تەوژمی ژیان و شارستانیەت دۆخەکە گۆڕاو ئافرەت ئەو (امتیازات)انەی ئێستای نەماو ئەرکی دارایی ڕووی تێکرد، ئەوسا دەتوانرێ بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکرێت، چونکە دەقەکان لەم ڕووەوە ناچنە بواری (عیبادات)ەوەو سەر بە دنیای (معاملات)ن، واتە ملکەچی (علە)و خوێندنەوەی (مقاصد)یانەو بوون نەبوونی (دادپەروەری)و بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەن و موعتەبەرن لە کاتی پیادەکردنیان لە ڕووی یاسایشەوە، ئافرەت و پیاو وەك ڕێسای گشتی لەبەردەم یاسای مەدەنی و سزاداندا یەکسانن، ئافرەت خاوەن ئەهلیەتی یاسایی خۆیەتی، کە بۆ ئەوکاتەی مێژووی مرۆڤایەتی بە دەسکەوتێکی گەورە قەڵەم دەدرێت، بە حوکی ئەوەی بەگشتی ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان و لەوانەش خۆرئاوادا بەو جۆروە خاوەنی ئەهلیەتی یاسایی نەبوون. (بیضون، 1985، صفحة 53)

ئەمەش ئاماژەیە بەسەربەخۆیی کەسێتی ئافرەت و پاشکۆ نەبوونی بۆ دەرەوەی خۆی، لەوانەش هاوسەر لەڕووی مامەڵە یاساییەکانەوە، لە بەرامبەر تاوانەکانیشەوە هاوشێوەی (دزی) و (زینا) هەمان ڕێ و شوێنی چەسپاندنی تاوان و جۆری سزای شەرعیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و ئافرەت و پیاو لە یەکدی جیاواز نین. (النور/2)

**سێیەم:** بەشداریکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامیدا:

کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامی لە سایەی ڕێبەرێتی پێغەمبەر (د.خ)دا، کۆمەڵگەی سروشتیی ژن و پیاوان بووە، سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) شتێ بەناوی قەدەغەکردنی تێکەڵاوبوونی ژنو پیاو بوونی نەبووە، بەو جۆرەی دواتر لە کۆمەڵگە موسڵمان نیشینەکاندا سەر هەڵدەدات.[6]

ئافرەتی موسڵمان لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگەدا تێکەڵ بە پیاوان دەبوو، هەر لە نوێژی بە کۆمەڵەوە بگرە تا جیهاد و گۆڕەپانی جەنگ. (عبدالحمید، 2018، صفحة 73)

هەر لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامیی و قۆناغی مەککەوە، بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە (العابدین، 2023، صفحة 110) تواناو خۆڕاگری و دڵسۆزی خۆی دەردەخات و دەبێتە هاوبەشێکی سەرەکی پێکهێنانی کۆمەڵی تازە سەر هەڵداوی ئیسلامی و داوتر کۆمەڵگەیە ئیسلامی ڕێکخراو بە گوێرەی پێوەرە ئیسلامیەکان لە مەدینە خاتوو خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) جگە لەوەی یەکەم کەس بوو باوەڕی پێ هێنا، لە کاتی شۆك بوونی بەرامبەر یەکەم بەرکەوتنی بەدیاردەی وەحیشدا، ئەو پەڕی کامڵی و دانایی و بەهێزی کەسێتی خۆی نیشاندا، ئەم خاتوونە باوەڕدارە نەك هەر لەبەرامبەر دۆخی سەرسوڕماوی هاوسەرەکەی نەشڵەژا، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەشی بینی لەوەی هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زەینی گونجاودا بیر لە ڕووداوەکە بکاتەوەو متمانەی بەخۆی هەبێت، باوەڕی وابێت ئەوەی ڕوویداوە خراپە نیەو موژدەیە، سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە ژیانیدا. هەر لەم پێناوەشدا و بۆ زیاتر ئارامکردنەوەی پێغەمبەر (د.خ)و دڵنیاکردنەوەی دەچێتە لای (وەرەقەی کوڕی نوفڵ) کە یەکێ لە باوەڕدارە دەگمەنەکانی سەردەمی خۆی بووە، بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموون و شارەزایی ئەو وەربگرێت تا هاوسەرە ڕاسپێدراوە ئاسمانیەکەی زۆر تر لە حەقیقەتی ئەو نیگایە تێبگات ڕوویداوەو خۆی بۆ ئامادە بکات. بەدەر لەوە ئافرەت لەم قۆناغەدا باوەڕ دەهێنێ، بەرگەی هەموو ئەو ئازارانەش دەگرێت لەو پێناوەدا دێتەڕێی، سومەییەش لەم چوارچێوەدا ڕەمزێکی دیارەو یەکەم شەهیدیشە لە پێناو سەرکەوتنی ئیسلام و خودای گەورەدا گیانی سپارد بێت. (بیضون، صفحة 87)

(6) لەسەر باسی سێهەمدا تاوتوێی دەکەین

ئافرەت لە و قۆناغەدا بەشداری مەینەتیەکانی ئابلۆقەدانی قورەیش و کۆچکردنی بۆ حەبەشە کردووە. دواتریش کارەکتەرێکی ئامادەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی جیهادی ئەو سەردەمە بووە لە مەدینەش بەگشتی، لە ناو بازار کاسپی کردووە، دیوەخانی هەبووە و پێشوازی لە خەڵك کردووە، بەشداری نوێژی بە کۆمەڵ و هەینی و جەژنەکانی کردووە، فەرمان بە چاکەو بەرگریی کار لە خراپە بووە، چەندینیان لە جەنگەکاندا لە چوارچێوەی کاری لۆجیستیدا ئەرکی خواردن ئامادەکردن، چارەسەرکردنی زامارەکان و گواستنەوەی بریندارەکان و ئامادەکردنی نان و ئاویان بۆ جەنگاوەرەکان ئەنجام داوە، لە چەندین جەنگیشدا وەك جەنگاوەری چاونەترس بەشدار بوون و ئازایەتی و دڵسۆزی خۆیان سەلماندووە. (ابوشقە)

**سەرباسی سێهەم**

**عورف و کاریگەری لەسەر دەقی ئیسلامی پەیوەندیدار بە وێناو ماف و بەشداری ئافرەتەوە**

لە سەرباسی یەکەمدا، ئاماژەمان بەوەدا کە ڕۆڵی (عورف) و کاریگەری ئەو لەسەر دەقی ئیسلامی تایبەت و پەیوەندیدار بە وێناو مافو بەشداری ئافرەتەوە زۆر لەوە گەورەترە، زانایان لە میانەی زانستی (اصول فقه)ەوە وێنایان کردووە، کاریگەرییەکەشی بە جۆرێك بەربڵاو فرە لایەنە، سەرباسێکی لەم جۆرە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی سنورداردا توانای لە خۆگرتنی نیە، هەر بۆیە ئێمە تەنها لە چەند ناونیشانێکی جیاوازدا ئاماژە بە کاریگەری عورف و دابو نەریتو کەلتوری کۆمەڵگە لەم سێ بوارەی خوارەوەدا دەکەین، کە ئەوانیش شێواندنی کێشەی تێکەڵاوبوونی (دەق) و (عورف)و وێنای ئافرەت و دابڕاندنی لە کۆمەڵگەو پانتایی گشتی و سنوردارکردنی بەشداری و مافەکانیەتی:

**یەکەم:** پاشەکشە لە بەهاو پێوەرە ئیسلامیەکان و سەرهەڵدانی کێشەی تێکەڵبوونی عورف بە (دەق) و ئاینداری:

لەدوای ئەو سەرەتا گەشەی سەرەتای ئیسلام، دەربارەی ئافرەت و وێناو ڕۆڵ و بەشداریو مافەکانی، کە ئەگەر بەو جۆرە برۆیشتایەتە پێش و بزوتنەوەی مێژوەو کۆمەڵگە لە قازانجی ئەو بوایە، ئێمە لە بەردەم دۆخێکی مێژوویی و واقیعی جیاوازدا دەبووین. ڕێڕەوی مێژووی موسڵمانان لەم ڕووەشەوە، وەك هەندی ڕووی تری ژیانو کۆمەڵگەکەیان، بەو جۆرە نەچووە پێش بەهاو دەقی ئیسلامی دەیخواست.

بە تێپەڕینی ڕۆژگارو دوورکەوتنەوە لەو دەستپێکە گەشە، وردە وردە عورف و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە کۆنو نا ئیسلامیەکان زاڵبوونەوە، تا دواتر گەیشتنە ئەوەی وەك بەشێ لە خودی دین سەیریان بکرێت. یاخود ڕۆڵو پیرۆزی ئەویان پێ بدرێت و لەسەر بناغەیان لێپرسینەوە لە خەڵکی بکرێت. (عبدالحمید، 2018، صفحة 71) ڕۆڵی ئافرەت بەناوی پشتگیری لە خراپە (سد ذریعة الفساد) لە قاڵب درا بێ ئەوەی ئەمە خوداو پێغەمبەر لە قورئان و سوننەتدا ڕەوایە تی پێ بدەن، ئەوەش بەکارەسات بۆ سەر کۆمەڵگەی ئیسلامی شکایەوە، بەتایبەتیش لەم سەدانەی دوایدا، چونکە ئافرەتی خستنە چاڵی نەزانی و دابڕانێکی قوڵەوە.

بە گۆڕینی ڕۆژگارو دووبارە نزیکبونەوەی خەڵك لە دۆخی نەفامی پێشوو، ئافرەت کەوتە بەردەم شەپۆلێکی قورسی داب و نەریتە نا ئیسلامییەکان، فتوای سەختگیری (موفتیە)کان، (کە دین) و (عورف و باوو نەریت)یان بەتوندی و بێ گوێدانە جیاوازی کاتو شوێنەکان و پێوەرو بەها ئیسلامیەکان و نموونە مەرجەعیەکەی سەرەتای ئیسلام، پێکەوە گرێ دەدا . (السفیانی، 2013، صفحة 109)

بەشێ لەو عورف و داب و نەریتیانەی پێش ئیسلام کە پێچەوانەی ئیسلام بوون و تایبەتبوون بە وێناو بەشداری و ماف و پێگەی ئافرەت، سەر لەنوێ ژیانی موسڵمانان‌دا سەریان هەڵدایەوە، یاخود بەهێزبوونەوە، کە لە بنەڕەتدا بەرجەستەی دابو نەریتی خێڵایەتی دواکەوتوویان دەکرد، (سالم، 2013، صفحة 63) بەو ئەندازەی عورف و داب و نەریتیش بەهێز بێت، و قسەی یەکەمی لەڕەنگکردنو ئاراستەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتای تاکە کەسی و دەستەجەمعیدا هەبێت، لە جەوهەری کۆمەڵگەی نەفامی نزیك دەبینەوە.

چونکە کۆمەڵگەی نەفامی لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بە کۆمەڵگەی دەشتەکی حوکمکراو بە سیستمی خێڵایەتی و بەهاکانی، کە تیایدا ڕۆڵی تاکو کۆمەڵگە بەیەکدا دەچنو تاك بژاردەی وای لە بەردەمدا نامێنێتەوە، ئازادی تیایدا لەسەر بناغەی نەبوونی دەوڵەتو دەسەڵاتی ناوەندی دامەزراوە، لێرەشەوە دابو نەریت دەبنە بناغەی ژیانی خێڵایەتی و ئەو تەرزە ژیانە کۆمەڵایەتیەی لەسەر بناغەی ئەو دامەزراوە. (امین، 2004، صفحة 87)

زوو لە ڕێلادانی ڕێڕەوی حوکمڕانی و نموونەی (ڕاشیدین) لە حوکمکردن و هۆکاری تر وایان کرد، بە گوتەی (جاحظ) خەڵکی بەتایبەتیش عەرەبەکان، فەرهەنگ و سەر مەشقو پیاوانی سەردەمی نەفامیان ئەگەر لە دەقی ئیسلامی و سەرمشقەکانی زۆر تر لاپەسەند نەبوو بێت، هاوشێوەی ئەو لایان ئامادەبوون و کاریگەریان بەسەر دەروون و بیرکردنەوەیانەوە داناوە. (العلان، 2012، صفحة 263)

بەڵام لە ڕاســـتیدا مەســـەلەی کاریگەربوون بە عورف و نەریتە کۆمەڵایەتیە نا ئیســـلامیەکان، کە ئافرەت بوو بەیەکێ لە قوربانیە هەر دیارەکانی لە مێژووداو هۆی دارنینی لە بەشـــێ لە مافەکانی و پەراوێز خســـتن و دەرگا بە ڕووداخســـتنی، تەنها پەیوەندی بە نەریتی خێڵەکیانەو قۆناغی نەفامی بەر لە ئیسلامی عەرەبەکانەوە نەبوو، بەڵکو جۆرەها سەرچاوەی تریشی هەبوو، لەوانەش: نەریتە فارســی و یونانی و خێڵە تورکیەکانی، کە لەم ڕووەوە ڕۆڵی خراپ و بەرچاویان هەبوو. (البنا، 2002، صــفحة 125)

هەر لەوکاتەی (معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) پایتەختی ئیمپراتوریەتی گواستەوە بۆ دیمەشو گیان و شێوازی حوکمڕانیی ئیمپراتوریانە بەســـەر حوکمڕانێتی نوێی ئەمەوییەکاندا زاڵ بوو، کاریگەربوون بە دابو نەریتە بیزەنتیەکان و داتاشـــینی فەرموودەش بەناوی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەستی پێکرد! کە دواتر ئافرەت بوو بە قوربانی بەشێ لەو دەقە هەڵبەستراوانە، چونکە تایبەت بوون بە (وێنا)و (پێگە)و (ڕۆڵ)و (مافەکان)نیەوە بەوەوە لەســـەردەمی عەباســـیەکانیشـــەوە، فەرهەنگ و دابو نەریتی فارسی، ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا هەبوو، ئیجتهادو فتوای زانایانو شیکەرەوەکانی (دەق)ی ئیسلامییش پێان کاریگەر بوون. (امین، 2004، صفحة 281)

لێرەشـــەوە، کاریگەری عورف لە ڕیزبەندییە ئوســـوڵیە باوەکە دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ (عورف) تێپەڕیو گەیشتە ئاستی ترسناکی خوڵقاندنی دەقی تایبەت بەخۆی، کە لە جۆرەها فەرموودەی ساختە بەرجەستە دەبوو؟

بە دەستکردنی قۆناغی پاشەکشەی شارستانی و داخستنی دەرگای (ئیجتهاد)و بیرکردنەوەی نوێو زاڵبوونی لاسایی کردنەوەو چەقبەســتوویی (فقهی)یش، دۆخەکە ســەبارەت بە تێکڕایی کۆمەڵگەو بەتایبەتیش ئافرەت و بەشــداری و مافەکانی ســەختر بوو، (حمد، العاني، و احمد، 2011، صــفحة 201) ڕۆڵی داب و نەریتەکان، گەورەترو کاریگەرتر بوو، ئەوەش ســـەیر نیە، چونکە بیرۆکەی هەقخوازی و دادگەری، هەســـتی ســـۆزو میهرەبانی بەرامبەر ڕەشو ڕووتو ســـتەم لێکراوو پەراوێز خراوەکان، بەرهەمی پەروەردەی باڵاو شارستانیەتە پێشکەوتووەکانن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەو هەستە ئینسانیە باڵایانە، لەگەڵ چەندین رووی بیرکردنەوە و شێوە ژیانی هۆز گەرایی و پێکهاتە توندوتیژو ناشارستانیەتەکاندا سازگار نین، لەو سۆنگەشەوە کە بە درێژایی مێژوو بە شێوەیەکی گشتی" ژن لە پیاو لاواز تر بووە، فەرهەنگی کۆمەڵگەو دابو نەریتە، نێر سالارو وشك توندوتیژەکانیش، هەژموونی بەهێزەکان بەسـەر لاوازەکاندا بەڕەواو سروشـتی دەبینێت، ئافرەت بوو بە قوربانی ئەم ڕێسایە. (صـدر، الصـفحات 84-85)

لەم قۆناغەدا عەقڵی فیقهی، زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری دابو نەریتو واقیعی دواکەوتووی کۆمەڵگەوە، هەر بۆیە شـــتانێ دەدرانە پاڵ (ئیســـلام)و (شـــەریعەت) و ڕەوایەتیان پێ دەبەخشـــرا، کە بە ئاســـانی مەنزومە بەهایی و ئەخلاقیو (تشـــریع)ییە ئیسلامییەکە قبوڵی نەدەکردن.

لێرەشـەوە کێشـەکە سـەبارەت بە (دەق)ی ئیسـلامی و (ئافرەت)یش قوڵتربۆوە، چونکە ئەگەر کێشـەی (دەق) هەر لەو سـاتەوە دەست پێبکات مرۆڤ هەوڵی پیادەکردنی لەو اقیعدا دەدات، ڕەهەندی تریشی بۆ زیاد بوو. (دزەیی، 2007، صفحة 54)

یەکەم جۆرە چۆنێتی تێگەیشـــتن لە دەق، جۆری مامەڵە لەگەڵدا کردنی، ئەو گۆڕانانەی مرۆڤ بەســـەریدا دێنێ بۆ لادان و شاردنەوەی مانا بنەڕەتیەکەی لە ژێرکاریگەری عورف و بەرژەوەندی و هۆکاری تر، لە کێشەی بنەڕەتیەکانی (دەق)و لەوانەش دەقی ئیسلامی تایبەت بە وێناو مافەکانی ئافرەت پێکدەهێنن. (العلان، 2012، صفحة 334)

هەڵێنجان و دەرهێنانی حوکمی فقهیش لە عورفی کۆمەڵایەتی باوو، دوورکەوتنەوە لە ســـەرچاوە بنەڕەتیەکانی (مەعریفە)و (دەق) و یاســادانان، بەتایبەتیش قورئان (مهریزی، 2008، صــفحة 122) ســەری لە کێشــەیەکی قوڵترەوە دەرچوو، کە ئەویش لێکجیابوونەوەی (دین) و (فقە) بوو. هەڵبەت شـــەرعناســـەکان خۆیان جیاکاریان لە نێوان (حوکمی قەزا) و (حوکمی ئاین)دا دەکرد.

بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ هاوســـەرەکەی لە ڕووی داوەریو بە گوێرەی پێوەرە فقهییەکان تەڵاق بدات، کە حوکمی ڕووکەش و دەرەوەی جەستەو پەیوەندییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی لەڕووی ئاینەوە تەڵاقەکەی دروست بێت، دەبێت پاساوی شەرعی و ڕەوای بۆم کردەی هەبێت و نەچێتە چوارچێوەی خراپ بەکارهێنانی ماف و پێشـێلکردنی سـنورو بەهاو پێوەرە ئیسـلامییەکان، چونکە کارێکی لەو جۆرە بە جۆرێ لە تاوان و نا سوپاسگوزاری بەرامبەر خوداو ناپاکی بەرامبەر بەهای سۆزو خۆشەویستی خێزانی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت.

بەڵام هەندێ لە فتوادەرو زانایان فەرامۆشـــی ئەم ڕەهەندە ئەخلاقی و دینیەی حوکمی فیقهیان دەکرد. بەم جۆرەش عەقڵی فیقهی چەقبەستو لەســەر حسابی ئەخلاقو بەها ئیسلامیەکان، کە ڕۆحی شـەریعەتو مەبەستە باڵاکانی پێکدەهێنن، هەژموونی پەیداکرد.

ئەوەش هیندەی ڕۆڵی عورف و نەریتە نا ئیســـلامی و نادادپەروەرەکانی بەهێزتر کردو وێناو ماف و ڕۆڵو بەشـــداری ئافرەتیشی بەرجەستە لە دەقی ئیسلامی ڕەسەن، لە قاڵبدا. (محمصاني، الصفحات 74-75)

**دووەم: شێواندنی وێنای ئافرەت:**

یەکێ لە بەرەنجامەکانی لە قاڵبدانی دەقی ئیســـلامی تایبەت بە ئافرەت لەلایەن عورف و واقیعی کۆمەڵایەتی باوو زاڵی مێژووییەوە، کە تاکو ئێستاش شوێنەواری ماوە، شێواندنی وێناکردنی ئافرەتە، وێنایش هەروەك لەسەر باسی دووەمدا ئاماژەمان پێکرد، ڕۆڵێکی ژێرخانی و بنەڕەتی بۆ دەســـتنیشـــانکردنی ماف و ئەرك و ڕۆڵەکانو چۆنیەتی بەهرەمەند بوون لێیان و ڕاپەڕاندنیان، دەبینێت.

بە جۆرێك بێ شـێواندنی ئەو وێنایەی ئافرەت لە قورئان و کۆمەڵگەی سـەرەتای ئیسـلامدا هەیبوو، سـنووردار کردنی ڕۆڵو بەشداریو مافەکانی کارێکی ئاسان نەدەبوو، چونکە پاشە کشـەکە بەشێوەیەکی قوڵو دەق لە قاڵبدەر، لەو ئاستەدا دەردەکەوێت. دەقی شــێواو، وێنای نادادپەروەری ئافرەت لە هەندێ لە ئاین و ژیارو شـــارســـتانیەتە جۆراوجۆرەکانی تردا، لە چوارچێوەی پرۆســەی فەتح و فراوانبونی قەڵەمڕەوی حوکمڕانی ئیســلامی لە شــکڵی ئیمپراتۆریەتدا، کاری گەورەیان کردوە ســەر ( ماناو ئاماژەکانی دەق)و دنیابینی ئیسلامی و وێنای ئافرەت.

ڕۆشـنبیری میللی و ئەفسـانەی گەلانی جۆراوجۆریش لەم ڕووەوە پشـکی گەورەیان هەبووە واتە جگە لە عورفی کۆمەڵایەتی ڕووت، عورفی دینی شێواوو فەلسەفیش، لەم ڕووەوە دەوریان هەبووە (فرج، 2015، الصفحات 116-317)، لەم دوو ئاستەشدا، وێنای ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی لای نوخبەی زانستیو سیاسی و ئیداری دووچاری شێوان هات، چونکە کێشەی شێوانی وێنای ژن، کە بەشـێکی لەبەرگیراوەی ئافرەت ڕەتێنراوو لاواز کراوی ناو واقیع بوو، تەنها کێشـەی مرۆڤی سـادەو ڕەشـەخەڵکەکە نەبووە، بەڵکو ناوەند دینیو فەلسەفیو ئیداری و سیاسیەکەشی بە ئاستی جیاواز گرتۆتەوە! (الغنوشي، الصفحات 8-9- 14-22)

هەر بۆیە، وەك دواتریش ئاماژەی پێ دەکەین، ئەو وێنا شـێواندنە کە کرایە پاسـاوی بێ بەشـکردنی ئافرەت لە چەندین ماف بەشداری و ڕۆڵ (لە کاتێکدا، ئەو وێنایەیە لێی گیراوە، کە لە بنەڕەتدا کەلتورو واقیع و مێژوو عورف دروستیان کردووە، کەچی دواتر وەك بەشـــێکی جیا نەکراوەی جەوهەری ئافرەت بوون ســـەیر کراوە) لە ژێر کاریگەری و فشـــاری عورف بە واتا فراوانەکەیو جەبری واقیعدا، لە چەندین ئاستدا ئەنجامدرا، لەوانەش:

**1- شێواندنی وێنای ئافرەت لە دۆخی سروشتیی ئیسلامی بەرجەستە لە حەوادا:**

لەسەر باسی دووەمدا ئاماژەمان بەوەکرد، یەکێ لە ڕاستکردنەوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام بۆ وێنای ژنو داڕشتنەوەی ئەو وێنایە وەك ئادەمیزادی خاوەن کەرامەتو هەســـتی ئەخلاقیو لێپرســـراوێ، بەریکردنی (حەوا) بوو لە ئەنجامدانی گوناهی یەکەمو تووشـــکردنی (ئادەم)ی هاوســـەری بەو گوناهە، بەو جۆرەی کە لەپووری ئایینی جولەکایەتیو مەســـیحیەت لە پەیمانی کۆندا دەیخاتەڕوو.

بەڵام ئەوەی جێگەی ســـەرنجە، بە تێپەڕینی ڕۆژگارو دەرگا کردنەوە بۆ کەلەپووری ئایینەکانی پێشـــوو، ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئیسـلامیدا بە (اسرائیلیات) وەسف کراوە، وێنای ئافرەتی لەم ئاستـەشدا شـێواندووە! ئەوەش لەڕێی قبوڵکردنی هەمان گێرانەوەی ئاینیە پێشـووەکەوە دەربارەی سـروشـتی (حەوا) لە بەهەشـتەکەداو ڕۆڵی ئەو لە ئەنجامدانی گوناهی خواردن لە درەختە قەدەغە کراوەکە لە ژێر کاریگەری ختوکەدانو هاندانی شـــەیتاندا. مەســـەلەی بەدیهێنانی (حەوا) ش لە پەراسـووی پیاو کە ڕیشـــەیەکی جوولەکایەتی هەیەو هیچ بنەڕەتێکی قورئانی نیە، بە توندی لە ڕێی دەقی فەرموودەو لە چوارچێوەی وێنادان بە کەســـێتی ژن و پاشکۆ بوونی ئەزەلی ئەو بۆ ڕەگەزەکەی ترو لە ناوەندە دینی و مللیە ئیسلامیەکەدا ئامادەکرایەوە.(3)

**2- ئافرەت وەك سەرچاوەی سەر لێشێواندن و (فتنە)و ئامرازی دەستی شەیتان بۆ لەخشتەبردنی پیاوان:**

دوای ئەوەی ئافرەت وەك بابەتێ بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆو ڕاستەوخۆ لەلایەن خوای گەورەوە، وەك ئاماژە بەبوونی کەسێتی سـەربەخۆی هاوشێوەی ئادەم، لە ژێر کاریگەری کەلەپوری ئایینی جولەکایەتیو مەسیحیەتدا گۆڕا بۆ پاشکۆیەك لە پاشکۆکانی، یاخود پەراسـوێك لە پەراسـووەکانی، هیچ سـەیر نیە دوای ئەو گۆڕانە لە وێناو ڕۆڵی (حەوا) لە دۆخی سـروشـتیی ئیسـلامیو بەهەشـتەکەدا، وێنای ئافرەتیش بگۆڕدرێت و بکرێت بە سـەرچاوەی سەر لێشێواندنی جنسی و (فتنە) و ئامرازو پەتێکی دەستی شەیتان بۆ کەمەندکێش کردنو سەر لێشێواندنیو دووچاری گوناهکردنی پیاوان .(الغنوشي، صفحة 24)

کارەساتیش لەوەدا بوو، ئەم مەسخکردنەی کەسێتی ئافرەت لەپاڵ ئیسلام و دەقەکانی ئەودا ڕەوایەتی پێ بدرێت (الغنوشـي، صفحة 24).

لە دوای ئەم شێوان و گۆڕانەش لە وێنای ئافرەت و بەرجەستەکردن و قەتیسدانی لە جەستەیدا، ئیدی ئەوەی بووە پێوەرو جێگەی بایەخ لە ئافرەتدا بە پلەی یەکەم تیایدا، سیماو لەش و لاری بوو. ئەو بەشەی کە حەزو ئارەزووی پیاو ڕازی دەکات، نەك عەقڵو هەستو سۆزی. (الانصاري، 2011، صفحة 381)

هەر لەم چوارچێوەشدا چەندین دەق بەناوی فەرموودەوە درانە پاڵ پێغەمبەری خوا (د.خ) کە لەڕووی مەتنەوە ماندوو بوونێکی زۆریان ناوێ بسەلمێنرێن پێچەوانەی ئەو وێنایەن قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەرو کۆمەڵگەی سەرەتای ئیسلام بە ئافرەتیان بەخشیووە، لەوانەش دەقی (ما تركت بعدي فتنة هي أضر علي الرجال من النساء) هەروەها (ئافرەتان داوی شەیتانن) رواه ابن ابی شیبە.

(ژن عەورەتە، کاتێ لە ماڵ دەرچوو شەیتان بە دواوەیەتی و...هتد) رواه الترمذی (سعدالله، 2008، صفحة 164)، ئەو وێنایەش بۆ ئافرەتو دانانی بە عەورەت لە ڕاستدا، درێژەپێدانو زیندووکردنەوەی دیدە نەفامیە خێڵەکیە عەرەبیەکەی پێش ئیسلامە، کە بە چاوی گومانەوە سەیری ڕەگەزی مێی دەکردو بە عەورەتی لە قەڵەم دەدا. هەر بۆیەشە هەندێکیان هەر بە منداڵی کچیان زیندە بەچاڵ دەکردا!

وێنای ئافرەت وەك حیلەو تەڵەکەبازو لە خشتەبەریش، دەچێتە هەمان ئەم چوارچێوەوە، لە کاتێکدا تەڵەکەبازی (کید) خۆی لە خۆیدا باشو خراپی بەسەردا ناچەسپێتو لە ڕوانگەی ئامانجەکاننی پشتی حوکمی بەسەردا دەدرێت.

هەر تایبەتیش نیە بە ژن، لە خودی سورەتی (یوسف)یشدا، کە کراوە بەسەرچاوەی ڕەوایەتدان بەو وێنا داتاشین و خەسڵەتەی ئافرەتان، تەڵەکەبازی، خەسڵەتێکی پیاوانەشە.

یەعقوب پێغەمبەر (د.خ) بە یوسف دەفەرموێت: (خەوەکەت بۆ براکانت مەگێڕەرەوە، داوت بۆ دەنێنەوەو پیلانت لێدەگێڕن) . (محمد، صفحة 214) (فرج، 2015، صفحة 102)

هەروەها بۆ وەسفی ... خوای گەورە خۆشی لە قورئاندا بەکار هاتووە (كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ) (یوسف/ 5)

هەر بۆیە (إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ) حوکمێکی یەکلاکەرەوەی خوایی نیە دەربارەی سروشتی خراپ وو فرو فێڵاوی ز نا ڕاستی ئافرەت.

چونکە دیدێکی لەو جۆرە، جگە لەوەی ناکۆکە لەگەڵ گێڕانەوەی ئیسلامی بۆ (حەوا) لە بەهەشتەکەدا، پێچەوانەی ڕێسایەکی گشتی قورئانیشە، کە ئەویش ئەوەیە، کاتێك قسە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە دەکات، جیاکاری لە نێوان (نێرو مێ)دا ناکات (الغنوشي، الصفحات 39-45)، خودا ئیلهامی چاکەو خراپەی بە سروشتو دەروونی هەردووکیان وەك یەك بەخشیوە، هەر کامێکیان بەدەر لە ڕەگەزەکە یان، بتوانن دەروونی خۆیان پاڵفتەو ملکەچی فەرمانی پەروەردگاری بکات، سەرفراز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە دەست خەڕۆ چارەرش دەبێت. (الشمس/7-10)

بەڵام هەروەك چۆن ئافرەت بەدرێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ تاوانی خراپەی یەکەمی خرایە ئەستۆو لەو سۆنگەشەوە دووچاری جۆرەها کوێرەوەری و ڕەنج ئازار کرا، هەربەو جۆرەش ڕەگەزی مێ و هەموو ژنێ لێپرسراوێتی فرو فێڵو (کیدی) هاوسەری عەزیزی میسری خرایە ئەستۆ! تەنانەت لەم ڕووەوە، بە کاریگەری عورفو دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی بیرکردنەوەی قورئانی و زانستی، وێنای خراپی (ژن) شەیتانیشی تێپەڕاندووە، کە بەرەمزی ڕەهای خراپەو تاوانە دادەنرێت، چونکە هەندێ لە زانایانی موسڵمان وتوویانە: من لە ئافرەت زیاتر دەترسم تاکو شەیتان! لەبەر ئەوەی خودا دەربارەی شەیتان دەفەرموێت: (إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا) لە کاتێکدا دەربارەی ئافرەتان دەفەرموێت: (إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ) (الغنوشي، صفحة 44) واتە: فڕوفێڵی و پیلانگێڕی ئافرەتان لا هی شەیتان بەهێزترە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆو وێنە (نمط) چەسپاوەی ئافرەت کە بە درێژایی ڕۆژگار ڕەگی لەبیکردنەوەی رەگەزی نێرو تەنانەت تا ڕادەیەك لە بیرکردنەوەی خودی بەشێ لە ئافرەتانیشدا داکوتاوە. (السفیانی، 2013، صفحة 111)

بە جۆرێك بووە (دەقەکان) لەگەڵیدا گونجێنراون سڵ لە پەنابردنە بەر کەلەپوری ئاینەکان و کەلتوری مللیش بۆ چەسپاندی نەکراوەتەوە!

**3- وێناکردنی ئافرەت وەك کائینێکی لاوازو کەم عەقڵ و متمانە پێنەکراو:**

بە سروشتی حاڵ شێواندنی وێنای ئافرەت لە بەرگی حەوادا، هەروەها نیشاندانی وەك جەستەیەکی جنسی گومڕاکەرو سەرچاوەی فتنەو سەر لێشێوان، وێناکردنی خاڵی سێیەمی بەدوادا دێت.

چیرۆکی ئەم وێنایەش، جگە لە سەرچاوە فەرهەنگیە کۆنەکان، بەو دەقە دەست پێدەکات کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ)و باس لەوە دەکات: ئافرەتان (ناقصات العقل والدين)نن واتە کەم عەقڵو کەك دینن! هەر لەهەمان دەقیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئافرەتان زۆرینەی دۆزەخیەکان پێکدەهێنن! با واز لە هەموو ئەو پرسیارانە بێنین کە لە ڕووی ناوەڕۆك (متن)و جۆری گێڕانەوەو بۆنەکەیەوە لەم دەقە بکرێت و بەوەش دەتوانرێت ڕەوایەتی لێ بسەنرێتەوە (النفیر، 2004، الصفحات 292- 296) بەڵکو بزانین ئەم وێنایە چۆن بە تێپەڕینی ڕۆژگار تۆختر دەبێتەوە بەوەش حوکمێکی مێژوویی قورس بەسەر جەوهەری

ئافرەتدا دەدرێت و دەبێتە هۆی بێبەشکردنی لە بەشێکی بەرچاو، لەو ماف و بەشدارییەی، ئیسلامی پەیام، لە کۆمەڵگەی سەرەتای ئیسلامدا بۆی دەستەبەر کردبوو.

قوڵایی مەترسی ئەم وێناکردنەش لەوەدایە، بە کەم عەقڵ و کەم دینو لاوازو بی توانا سەیرکردنەکەی ئافرەت، نابەستێتەوە بە دۆخێکی مێژوویی و کەلتوریو شارستانێتی دیاریکراوەوە، واتە ئافرەت وەك کائینێکی لاواز کراو (مستضعف) نابینێت، بەڵکو پێی وایە ئافرەت هەر بە سروشتو لە خودی خۆیدا بەو جۆرەیە. (مهريزى، 2008، صفحة 92) ئەرکی دینیشمانە بەو جۆرە ببینینو باوەڕمان پێی هەبێت!.

کە ئەوەش دووچاری کێشەیەکی ترمان دەکات، ئەویش هاتنە کایەی پلەبەندی نێوان پیاوو ئافرەتە، واتە پیاو بە حوکمی پیاوبوونیو بەدەر لە هیچ (أعتبار)ێکی تر، لە پیاو باشترەو ژن لەو کەمترەو پلە دووە بە حوکمی ئەوەش دەبێت ملکەچو پاشکۆو سێبەری ئەو بێت. (النفير، 2004، الصفحات 313- 314)

(جاحظ) کە بەیەکێ لە عەقڵە دیارەکانی شارستانێتی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت، پێی وایە ڕاو عەقڵ لە کەسێ چاوەڕوان ناکرێت سەروکاری لەگەڵ ئافرەتو منالاندا هەبێت. (ويسى، 1345، الصفحات 47-64)

باڵادەستی و باشتربوونی پیاو لە ڕووی عەقڵیو زۆرشتی ترەوە، ڕایەکی باوی ناو ڕاڤەکاران و شەرعناسان و زانایانی موسڵمان بووە، بەڵگەشیان بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونەیان بە چەندین دەق هێناوەتەوە؟!. (الغزالى، صفحة 61)

چونکە دیدی باو ئەوە بووە، کە ئافرەتان ڕەوشتو خراپی و کاڵ و کرچی عەقڵیان بەسەردا زاڵە هەر بۆیە وتەیەك خراوەتە پاڵ (شافیعی) کە دەڵێت: سێ کەس ڕێزیان بگری سوکایەتیت پێ دەکەن، ئەوانیش ژنو خزمەتکارو کۆیلەیە. (الغزالى، صفحة 61)

لەم دیدەوە، لە هەمان سۆنگەشەوە، بۆ هەندێ پێگەو کار دەست نادەن، چونکە مەرجیان تێدا نیە. بۆ نموونە ئەوانەی ڕەتیا کردۆتەوە ئافرەت (دادوەر) بێت، ئەم ڕایەیان هەڵقوڵاوی دیدێکی تایبەتە بەرامبەر ئافرەت، زیاتر لەوەی پشتی بە ڵگەی گێردراوە (دەق - نقلی)و (عەقڵی) مەحکەم بەستبێت ئەو دیدە باوەی ئافرەتی، بەکەم عەقڵ و کەم توانا بینیوەو پێی وابووە، ئەرکی هەرە بنەڕەی ئەو تێرکردنی حەزو ئارەزووی پیاوەکەیەتی نەك شتی تر . (مهريزى، 2008، صفحة 144)

هەر لەم چوارچێوەدا دەقێك دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ) کە دەڵێت: ڕاوێژیان پێ بکەنو بە گوێیان مەکەنو بە پێچەوانەی ڕاکەیان کار بکەنو بجوڵێنەوە هەر لەم ڕوەشەوە وتراوە: لابەی سێ شتدا مەکەرەوە: دنیا، سوڵتانو ئافرەت (الانصاري، 2011، صفحة 397).

بڵاوبوونەوەی دەقگەلێکی لەو جۆرەش لەو فەزایەدا بەسەیر نابینرێت، چونکە ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی لای هەندێ لە ڕاڤەکارانی قورئان و زانایانی موسڵمان، بە گەمژە لە قەڵەم دراوە. هەر بۆیە پێشیان وا بووە مەبەستی خوای گەورە لە ئایەتی (وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ) ئافرەت و منالانن (البنا، 2008، صفحة 117) (تەبەری، صفحة 165)

(یوسف قەرزاوی) لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لەو دیدە ئەو وێناو مامەڵەکردنە لەگەڵ ئافرەتی موسڵمان، بە گەڕانەوەی بۆ سەردەمی نەفامی لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: (ئەوانەی بە چاوێکی سوکو بێ ڕێزەوە سەیری ئافرەت دەکەن، لایان ئافرەت داوو تەڵەی شەیتانە بۆ لە خشتە بردنو فریودان، هەروەها کەم عەقڵ و کەم دینە، بە دیهاتووێکە ئەهلیەتی یاسایی تەواوی نیە، بۆ پیاو وەك کەنیزەك واتە، هەرکاتێ ویستی بیهێنێ بەرامبەر پارە لەگەڵیدا ڕابوێرێتو هەرکاتێکیش بی تاقەت بوو حەزی لێی نەما، دەستەبەرداری ببێت..، هەندێ لەمانە گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی نەفامی. (ابوشقه، صفحة 9)

**سێیەم: قەدەغەکردنی تێکەڵبوونی ئافرەت بە کۆمەڵگەو دابڕینی لە پانتایی گشتی:**

لە سۆنگەی وێنای زاڵی ئافرەت لە چاخی پاشەکشەو چەقبەستوویی موسڵماناندا بەو جۆرەی ئاماژەمان پێکرد، چارەسەرکردنی، ڕەگەزو ڕیشەیی ئەم بابەتە لەوێوە بێت، هەموو ڕێکارێك بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك تێکەڵ بە پیاوان نەبێت. چونکە وێناکە لەم چوارچێوەدا بەجۆرێك بوو، هەرکاتێك ژنێك لە ماڵ دەچێتە دەرەوە وەك ئەوە وایە شەیتانی بۆ سەر لێتێکدانی خەڵکی چووبێتە دەرەوە، (الجوزيه، صفحة 240)بۆیە وا باشترە نە پیاو ببینێت و نەپیاویش ئەو ببینێت. (الغزالى، صفحة 77)

پوختەی قسەی ناوەندە دینیەکە لەو ڕووەوە دەربارەی (اداب)و شێوەی ژیانو هەڵسو کەوتی ئافرەتانیش ئەوە بوو کە: لە ماڵەوە دابنیشێت، خەریکی ڕستن چنینی ڕوی خۆی بێت، زۆر سەرەوخوار نەکات، چاو بۆ دەرەوەی دیوارەکانی ماڵی نەگێڕێو زۆر کەمیش قسە لەگەڵ دراوسێکانیدا بکات. (الغزالى، صفحة 80) چونکە هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، فەرمودەیەك دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ) ئاماژە بەوە دەکات ژن عەورەتەو هەر هێندەی چووە دەرەوە شەیتان بە دەوریدا دێت و دەچێت لە دەقێکی تری هاوشێوەی تریشدا هاتووە: ئافرەت دە عەورەتی هەیە کو شووی کرد مێردەکەی دانەیەکیانی بۆ دادەپۆشێت، کە مردیش گۆڕ هەر دەیەکەی، عەورەتیش دەبێت دابپۆشرێت و خەڵك نەیبینێتو بشاردرێتەوە. (الغزالى، الصفحات 78-79)

بەشێك لە لێکەوتەکانی ئەم دۆخە سەپێنراوەش بەسەر ئافرەتاندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕەنگ دەداتەوە::

1- قەدەغەکردنی چوونە دەرەوەی لە ماڵ بێ پرسی هاوسەر بەهیچ شێوەیەك (الغزالي، صفحة 112)، بە بیانوی ئەوەی فیتنەیەو ئاشوبەو خراپەکاری بڵاودەکاتەوە. (عبدالحمید، 2018، صفحة 112)تەنانەت لای یەکێکی وەکو (ابن قیّم) تێکەڵاوبونی ژنانو پیاوان بناغەی هەموو بەڵایەکەو گەورەترین هۆکاری دابەزینی سزای گشتی خوایشە بۆ سەر خەڵك. (القیم، صفحة 241) هەر لەم چوارچێوەشدا دەقی دروستکراوی وەکو (ژنانو پیاوان لە یەکتر دووربخەنەوە) (القیم، صفحة 239) سەریهەڵداوە. (ابن القیم) هەر بەوەش واز ناهێنێت، ئیمانی دینی بکاتە سەرچاوەی فشاری قەتیسدانی ئافرەتی موسڵمان لە ماڵەکەیداو ترساندنی کۆمەڵگە بە داباریینی سزای خوایی بەسەریدا، لەسۆنگەی تێکەڵاوبوونی دوو ڕەگەزەکە بەیەکتری، بەڵکو پێشی وایە: دەبێت دەسەڵاتداری سیاسی ئیسلامی (ولی الامر) دەستێوەردان بکاتو ڕێگری بکات لە تێکەڵابوونی نێوانیان لە بازاڕو بۆنەی خۆشیەکانو هەر شێوێنێ کۆڕو کۆبوونەوەی پیاوانی تێدا بێت. (القیم، صفحة 239) خۆ ئەگەر بۆ پێویستیەکی زۆر ناچاری و بە مۆڵەتی مێردەکەی لە ماڵەوە دەرچوو، دەبێت کارێبکات و بە جۆرێك ڕێ بکات خەڵك نەیناسنەوە، بە قەراغی ڕێگاو شوێنە چەپەكو تاریکەکاندا بڕواتو زووش بگەڕێتەوە ماڵەوە (الغزالی، صفحة 112) بەگشتی داوای لێکراوە بڕوات· (النساء/ 16)

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سەراپای لەشو لارو جەستەی بەدەست وچاویشیەوە، داپۆشراوبێتو هیچ شوێنێکی بەدەرەوە نەبێ چونکە یەکێ لەدەرهاویشتەکانی ئەم قۆناغە کە بەهۆی دواکەوتنی موسڵمانو دوورکەوتنەویان لە گیانی شەریعەتەکەیانو کرداری پێغەمبەرو کۆمەڵگەی سەر مەشقی سەرەتای ئیسلامەوە دووچاریان بوو بوو، توندڕەویی بوو لە مانادات بە (حیجاب)دا.

بە جۆرێك واتاکەی یەکسان بوو بەمەحکوم کردنی ئافرەتی موسڵمان بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی لە ماڵەکەیدا کە لە دیدی قورئانییەوە ئەوە سزای ژن و پیاوی فاحیشە کەرە. (بیضون، 1985، صفحة 108)

بە گشتیش لە پەیوەندی بەمانای حیجابەوە دوو لە ڕێلادان هاتەکایەوە:

أ- سەپاندنی (نیقاب)و شاردنەوەی سەراپای جەستە بە دەستو دەمو چاویشەوە، بەناوی ڕێسای (سد الذریعة)و داخستنی دەرگاکانی خراپەکاریو سەر لێشێوان. (شقة و قەرزاوی)

ب- گشتگیرکردنی ئایەتەکانی سورەتی ئەحزاب کە تایبەت بوون بە (حیجاب)ی هاوسەرانی پێغەمبەر (د.خ)

بۆ کۆی ئافرەتانی موسڵمان تەنانەت دوای ئایەتی (حیجاب)یش لە کاتێکدا سیاقو ئاماژەی ئایەتەکان ئەوەمان پێ ناڵێن سوننەتی کرداری پێغەمبەریش (د. خ) دەربارەی هاوسەرکانی پێمان ناڵێت لە چوونەدەروە قەدەغەی کردبنو نەیهێشتبێت لەدەرەوەی ماڵی پێغەمبەرایەتیو لەوانەش بەشداری لە جەنگەکاندا ڕۆڵ ببینن.(1)

2- قەدەغەکردنی چوونەدەرەوەی ژن بۆ مزگەوت و دابرینی لە سەرچاوەی وەرگرتنی لانی کەمی زانیاری ئاینیوکۆمەڵایەتی و تازەبوونەوەی ڕوحی، کە بەوەش (حجاب) بووە هۆکارێك بۆ ناکاراکردنو پوکاندنەوەی کەسێتی ئافرەتی موسڵمان و بێرۆڵکردنی نەك تەنها لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو لە ناو خودی خێزانیشدا بەهۆی ئەو گۆڕانەی عورف و واقیعی دواکەوتووی نا ئیسلامی بەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان ژنو پیاویاندا هێنا.

ئەم دۆخە نوێیەی ئافرەت کاری کردە سەر بناغەی دروستکردنی خێزانیش، بە جۆرێك هاوسەرگیری لە گرێبەستێکی ئازادی نێوان ئافرەت و پیاوەوە، کە لەسەر بناغەی ڕەزامەندی دامەزراوە، بە حوکمی گرێ بەستوونی، هاوشێوەی بەیعەتە سیاسیەکە، بوو بە پەیماندانی نا بەدڵی و بە زۆری زۆر ڕێ لە ئافرەتان لەسەر گوێڕایەڵیکردنی نیمچە ڕەهاو پاشکۆیی تەواو بۆ پیاو وەڵامدانەوە بە حەزو ئارەزوەکانی.

هەندێ لە زانایانیش سڵیان لەوە نەکردوەتەوە گرێبەستەکە بە گرێبەستی کۆیەلایەتی بچوێنن ئەوی لەو بارەشەوە ووتویانە، تا ڕادەیەکی زۆر، وێنەی لەبەر گیراوەی واقیع و سەردەمەکەی خۆیان بووە نەك (دەق)ی ئیسلامی، (الغزالي، صفحة 77) چونکە ئافرەت وا وێنا دەکرا کە تەنها لە ناو خێزاندا بوونی هەیەو لە دەرەوەی ئەوەوە بوونی نیە.

**کۆ ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا، توانیمان پشتراستی گریمانەکەمان بکەینەوە بیخەینەڕوو، کە (عورف) بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لە پەیوەندی بە وێناو پێگەو مافەکانی ئافرەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆرو مەترسیدار (دەقی ئیسلامی) لە قاڵب بدات.

ئەوەش بە شێواندنی وێنای بنەڕەتی ئافرەت، دابرینی لە کۆمەڵگەو سنوورداركردنی ڕۆڵ و بەشداری و لەدەستدانی کۆمەڵێ لە مافەکانی و دووچاربوونی بە شێوازێ لە ستەمی کۆمەڵایەتی تەواوبووە، مەسەلە گەلێك، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە

(1) بگەڕێرەوە بۆ بەشی کۆتایی سەرباسی دووەم.

کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا، بە ئاستی جیاواز، بەدەستیانەوە دەناڵێنن و هێشتا (دەق) و (نموونە پێوانەییە ئێسلامییەکە) لەو فشارو تەپ و تۆزو کۆت و بەندە مێژووییە بە تەواوی ڕزگاریان نەبووە.

چونکە گەورەبوونی ڕۆڵی (عورف) لە دەستنیشانکردنی (وێناو) (ماف) و (پێگەی) ئافرەت، یاخود جۆری تێگەیشتن و پیادەکردنیان، فۆڕمی کودەتایەکی بەسەر (دەق)دا گرتەخۆی. واتە نەك هەر لە هەندێ ڕووەوە دەقی شاردەوە، یاخود بەهەندێ ئاماژەوە دیدو ئەرکی پێچەوانەی مەبەستەکەی بارگاوی کرد، فیقهی خستە ژێر هەژموونی خۆی و کاری کردە سە رەدیدی بەشێکی بەرچاو لە زانایان دەربارەی ئافرەت، بەتایبەتیش لە دوای زاڵبوونی چەقبەستوویی فیقهی و داخستنی دەرگای ئیجتهاد دووبارە پرسیار کردنەوە لە (عورف) و سروشتی ئەو بەدەقەوە، بەڵکو تاڕادەیەکی بەرچاو (عورف) بوو بە بنەڕەت (أصل) و (دەق) بوو بەش و شوێنەکەیان گۆڕیەوە. لە جیاتی ئەوەی (شەریعەت) و (فقهە) ڕۆڵی ئەوو ئەرکەکانی دەستنیشان بکەن و مۆرکی خۆیانی لێ بدەن، ئەو ڕۆڵی ئەوانی دیاریکردووەو دەقی لە قاڵبداوە. هێشتاش لێرەو لەوێ و لە پانتایی جیهانی ئیسلامیدا هەندێ لەم ئاسەوارانە هەر ماون. چونکە بەشێ لە (عورفە) مێژوویەکە تێکەڵ بە کەلەپوورو جەستە فیقهیە تەقلیدیەکە بووە، ئەوەش جۆرێ لە پیرۆزی و بەردەوامی پێ بەخشیوەو گۆڕینیشی گرانتر کردووە.

ئەوەش دەخوازێت ئەکادیمست و زاناو بیرمەندی ئیسلامی هاوچەرخ، بەشێوەیەکی زانستی و بوێرانە زیاتر ئاوڕ لەم ڕەهەندە بداتەوە، کاتی بۆ تەرخان بکات و قسەی جددی و نوێی لەسەر بکات و بینای چەمك و پێوەرەکان بکاتەوەو ئاسۆیەکی نوێی گەشترو فراوانتر لەوەی تاکو ئێستا هەیە، بە ڕووی دووبارە گەشانەوەو بە سەنتەرکردنەوەی (دەق) و ئەزموونی پێغەمبەر (د.خ) لە پیادەکردنیدا بخاتەڕوو.

بەڵام سەرەڕای ئەم بەرەنجامانە، لێپرسراوێتی و بیرکردنەوەی زانستی لە توێژەر دەخوازێت ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بکات:

1- سەرەڕای هەموو ئەوەی عورف و واقیعە مێژووییە کە بەسەر دەقی ئیسلامی و ماف و پێگەی ئافرەتیاندا هێناوە، ئیسلام ڕیگربووە لەوەی کۆمەڵگە لەم ڕووەوە بە تەواوی دابڕوخێت.

2- کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان بە درێژای مێژووی خۆیان و بە نیمچە بەردەوامی کەمینەیەکی ئافرەتی خاوەن پێگەی زانستی و ئەدەبی و تەنانەت سیاسی و ئیدارییشیان تێدابووە، کە زیاتر سەر بە بنەماڵەی دیارو دەسترۆیشتووەکان بوون.

3- واقیعی مێژوویی ئافرەت و شێوانی وێناو ستەملێکرانی و ژێر پێدانی مافەکانی دیاردەیەکی جیهانی بووە (دەق)ی ئیسلامی و ئەزموونی کۆمەڵگەی سەرەتای ئیسلام لەو ڕووەوە بە ناوێزە (أستثناء)یك دادەنرێن.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم سەرچاوە عەرەبیەکان**


1. قورئان.
2. الدكتور ابراهيم طاهر معروف الرباتي، المرأة الكردية و دورها في المجتمع الكردي، الطبعة الاولى، التفسير، اربيل، 2004.
3. ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، حققه و علق عليه سيد عمران، دار الحديث ، القاهرة ، 2002.
4. ابوبكر عبدالله شيخان، العرف وتطبيقاته الفقهية، اربيل/ 2019.
5. ابى اسحاق الشاطبى/ الموافقات، تحقيق محمد عبدالقادر الفاضلى، المكتبة العصرية، بيروت، د- ن.
6. ابي حامد محمد الغزالي/ إحياء علوم الدين، علق عليه محمود محمد سيد، الطبعة الثانية دار الفجر للتراث، القاهرة، 2013.
7. احمد امين، ضحى الاسلام 1-3، دار الكتب العلمية، بيروت، 2004.
8. د.احمد محمد سالم، المرأة في الفكر العربي الحديث، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 2013.
9. أحمد مرعى حسن أحمد المعماري، فقه التزيل، مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت، 2015.
10. نزار الحمدوني، المصلحة والنص قراءة في جدلية العقل و النقل، مجمع الاطراش للكتاب المختص تونس 2018.
11. احميده النفير، النص الدينى والتراث الاسلامى قرأة نقدية، دار الهادى ، بيروت، 2004
12. ايتليو جوديو، ثورة النساء فى الاسيلام، دار الروائح ، بيروت د-ت.
13. البيضاوي ، انوار التنزيل و أسرار التأويل، الطبعة الثالة، المجلد الأول، دارالكتب العلمية، بيروت، 2006.
14. تغاريد بيضون، المرأة والحياة الاجتماعية في الاسلام، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت ، 1985.
15. جمال البنا، الحجاب، الطبعة الثانية، دار الفكر الاسلامي، القاهرة، 2002.
16. جمال البنا، المرأة المسلمة بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء، دار الشروق القاهرة 2008.

17. حسن خليل سعد الله، القول الفصل فى تفضيل النساء فى كل عصر، قدّم له راجعه، رضوان جامع رضوان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 2008.
18. الشيخ راشد الغنوشي/ المرأة بين القرآن و واقع المسلمين، المركز المغاربي للبحوث والترجمة، د- ت.
19. ريتا فرج، امرأة الفقهاء وإمرأة الحداثة خطاب اللامساواة في المدوّنة الفقهية، الطبعة الأولى، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، 2015.
20. مؤتمر تحرير المرأة في الاسلام المنعقد في الفترة من 22-23 فبراير 2003، دارالقلم للنشر والتويع، القاهرة، 2004.
21. سهيلة زين العابدين، المرأة المسلمة ومواجهة تحديات العولمة، مكتبة الحبيكات، الرياض 2023.
22. السيد سابق/ فقه السنة الطبعة الرابعة، دار الفكر، بيروت، 1983.
23. سيد قطب، في ظلال القرآن، الطبعة الشرعية الخامسة عشر، دار الشروق، بيروت، د- ت.
24. د. شهبال معروف دزەيى، العنف ضد المرأءة بين النظرية والتطبيق، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل2007.
25. د. صبحي محصاني، في دروب العدالة، دار العلم للملايين، بيروت،1982.
26. عبدالحليم محمد ابوشقه، تحرير المرأه فى عصر الرساله دراسة عن المرأه جامعة لنصوص القرآن الكريم وصحيح البخارى ومسلم، الطبعة الرابعة، دار القلم للنشر والتوزيع، الكويت، 1995.
27. الدكتور عبدالحميد احمد ابو سليمان، ضرب المرأة وسيلة لحل الخلافات الزوجيهة، المعهد العالمي للفكر الأسلامي، دار الفكر، دمشق، الطبعة الثانية، 2004.
28. الدكتور عبدالكريم زيدان ، المدخل لدارسة الشريعة الاسلامية، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1996.
29. الدكتور عبدالكريم زيدان. الوجير في اصول الفقه ، نشر احسان، لەگەڵ دیارنەبوونی مێژووی چاپ کردن.
30. عبدالله بن رقود السفياني، حجاب الرؤية قرأءة في المؤثرات الخفية، على الخطاب الفقهي، مركز نماء للدراسات والبحوث والدراسات، بيروت 2013.
31. الدكتور فاضل الانصاري / العبودته الرق والمرأة بين الاسلام الرسولى و الاسلام التأريخى، الأهالى للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2011
32. مجموعة رسائل الامام الغزالي 1-7، دار الكتب العلمية، بيروت. د. ت.
33. الدكتور محسن عبدالحميد ، شخصانية المرأة المسلمة و قضايا مثارة حولها، الطبعة الثانية، التفسير، اربيل، 2018.
34. محمد أحمد ابو القاسم حاج حمد، تشريعات العائلة في الاسلام، تقديم و تعليق محمد العاني، مراجعة، تدقيق صابر احمد، الساقي، بيروت، 2011.
35. الشيخ محمد الطاهر بن عاشوور، مقاصد الشريعة الاسلامية، تحقيق و دراسة محمد الطاهر الميساوي, دار النفائس للنشر والتوزيع ، الاردن ، الطبعة الثانية، 2001.
36. محمد عزالدين عبدالعزيز بن عبدالسلام ، قواعد الاحكام فى مصالح الأنام (1-2)، دار البيان العربي، القاهرة 2023
37. د. محمد عمارة، الاسلام و المرأءة في رأي الامام محمد عبدة، الطبعة الثالثه، المؤسسة العربيهة للدراسات والنشر، 1980.
38. الدكتور محمد محمود الجمال ، تطبيقات العرف في المعاملات المالية المعاصرة دراسة مقارنة، رؤيا للدراسات والبحوث، الطبعة الثانية، بيروت ، 2007.
39. د. أحمد شوقى الفنجري، مفاهيم خاطئة تؤخر المسلمين، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2007.
40. محمود الشرقاوي. التطور روح الشريعة الاسلامية، منشورات المكتبه العصرية، صيدا- بيروت، 1969.
41. مروان العلان، المرأءة قبل الاسلام، المرأة بعده، الانتشار العربي، بيروت، 2012.
42. الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، فلسفة الشريعة، دار الرسالة للطباعة، بغداد، بێ دیاریکرنی مێژووی چاپکردن.
43. الدكتور د. مصطفى الزلمى، اصول الفقه فى نسيجه الجديد، شركهة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد ، 2022
44. د. مصطفى عبدالعظيم أحمد، حوا في اليهودية والمسيحية والاسلام ، rusher. jourals.ely. eg. رسالة العدد 177.
45. مهدي مهريزي، مسألة المرأة دراسات في تجديد الفكر الديني في قضية المرأة، مركز الحضاره لتنميه الفكر الاسلامي، سلسلة الدراسات الحضارية، بيرون، 2008.
46. النساء/ 1 الدكتور عكاشة محمد عبدالحال ز الدكتور طارق المجذوب، تأريخ النظم القانونية والاجتماعية، منشوارت الحلبي الحقوقية, بيروت 2004.
47. نصر حامد ابو زيد، دوائر الخوف قرأة في خطاب المرأة، الطبعة الثالثة، المركزالثقافي العربي، بيروت، 2004.
48. الدكتور أبو أمامة نوّار بن الشّلبي ، العقل الفقهى معالم و ظوابط، دار السلام للطباعة والنشر و التوزيع والترجمة، والقاهرة، 2008 .

49. احمد أمين/ فجر الاسلام، الطبعة الثانية دار الكتب العلمية، بيروت، 2006
50. أحمد الصويعى شليبك، العرف واثره فى الاحوال الشخصية في الفقه الاسلامي والقانون الكويتى، مجلة القانون الكويتية العالمية، والسنتة الثامنة، العدد 4، ديسمبر، 2020، ص. 2010

**دووەم سەرچاوە فارسییەكان:**

1. داريوش آشورى، تعريف هاو مفهوم فرهنگ، چاپ دوم، مؤسسة انشارات اگاه، تهران، 1381
2. جيد فريد من، فيمينيسم، ترجمه: فيروزه مهاجر، چاپ دوم، انتشارات آشيان، تهران، 1383،
3. حسن صدر، حقوق زن در اسلام واوربا، چاپ ششم، انتشاران جاويدان، تهران، 2536.
4. دكتور مختار ويسي، بررسى قواميت از نگاه علما ومفسرين باگرايش سنتى و نوانديش، نشر فاروق ، سنندج، 1345.

**سەرچاوە كوردییەكان:**

1. حسين بەشيرييە، تيۆرى كەلتورى، و. مەنسور تەيفۆورى، مەكتەبى – ڕێكخراوە ديموكراتيەكانى (ى . ن ك) ، 2016
2. كۆمەڵێك نووسەر، فيمينيزم چەمك و تيۆرو شرۆڤە، نوسينى وەرگێڕانى: كارزان محەمەد، لە بڵاوكراوەكانى يەكێتى ژنانى كوردستان، 2008.
3. بەيان نورى تۆفيق، ميرات لە نێوان شەريعەت و ياساو واقيعدا، ناوەندى سارا، سلێمانى، 2019.
4. هيبە رئوف عيزەدين، ئافرەت و كارى سياسى ديدێكى ئيسلاميانە، و بكر حمە صديق، ياسين رسول، چايخانەى پەيڤ، سلێمانى، 2000



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034